زنجیرەی:

بەرەو واقیعێکی ئیسلامی بەهێزوپێزتر

لە کوردستان دا

ئەڵقەی یەکەم

# بزووتنەوەی ئیسلامی

# و

# قۆناغی نوێی

ameer.maktab@yahoo.com

/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice

www.alibapir.net

نووسینی: عەلی باپیر

١٤١٤ك/١٩٩٤ز

www.alibapir.net

زنجیرەی : بەرەو واقیعێکی ئیسلامی بەهێزو پێزتـــر
لە کوردستـــانـدا

# ئـــاڵـــقەی یــــــەکــەم

# بـزووتنـــەوەی ئیسلامـی و تـــۆنساغـی نــــــوێی
# ئەرک‌و پێداویستی‌یەکـــان

نـــووسینـــی / عـەلـی باپیـر
١٤١٤ك / ١٩٩٤ز

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net



www.alibapir.net

بسم الله الرحمن الرحيم

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net



www.alibapir.net

# پێشکەش بێ

١ـ بەگیانی بێداری شەهیدانی ئیسلام بەگشتیو بەتایبەتی شەهیدانی ئەم دوایی‌یەی بزووتنەوەی ئیسلامیو لەپێش هەموویشیانەوە کاك مـــــلا شریف •

٢ـ بەئەندامە پێشمەرگە پارێزکاروفیداکارە کانی ئیسلام لەکوردستانـدا کەلەتاقی کردنەوەی تاڵی ئەمجارە سەدو یەك دەرسو پەند وەردەگرنو خەباتی ئیسلامی خۆیانی پێ پتەوتر دەکەنو کوورەی جیهـــــــادی شێلگیرانەی خۆیانی پتر پێ جۆش دەدەن •

٣ـ بەهەموو ئەو دۆستو ئاشناو دڵسوزانەی ئیسلام کەهەستیان بەئەرکی سەرشانی خۆیان کردو هیممەتی‌مەردانەیان نواند لەشەڕی داسەپاوی ئەمجارەی نێوان تاقمی جەلالو بزووتنەوەدا •

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www.alibapir.net

## پێناسەی ئەم زنجیرەیە

بێگومان بەرەو پێش بردنی کاری ئیسلامی و بەهێزوپێزتر کردنی ئەرکی سەرشانی مسوڵمانانەو ئێمەی مسوڵمانی کوردیش لە کوردستاندا بەتایبەتیو لە هەرجێیەکی دیکەشدا کە بۆمان بلوێ بە گشتی ئەو ئەرکو پێویستییەمان لەسەرشانە ،شتێکی ڕوونو ئاشکراشە کەم شارەزایی و بەرچاو ڕوونی تێرو تەواویش لە هەرکارێکدا هەنگاوی یەکەم و مەرجی سەرەکی سەرگرتنو بەئەنجام گەیشتنیەتی ، بۆیە منیش وەك مسوڵمانێکی کورد لە کوردستاندا بۆ جێبەجێکردنی بەشێك لەئەرکی سەرشانم بەپێویستم زانی لەم قۆناغە گرنگو دژوارەدا کە گەلی کوردی مسوڵمانی پێداتێ دەپەڕێ دەست بەکاربم بۆ نووسینی ئەم زنجیرەیە کەخوا پشتیوان بێ نێوەڕۆکیشی وەك ناوی دەبێت و ، دەبێتە بنەماو بنچینەیەك بۆ زیاترو چاکتر گەشەکردنو بەرەو پێش چوونی کاری ئیسلامیو هاتنە کایەی واقیعێکی ئیسلامی ڕەسەنتر و بەهێزوپێزتر لەکوردستاندا ،وەلە سۆنگەی ئەوەوە کە ئەمڕۆ کوردستان بە گشتی بۆتە جێی سەرنجو تێڕوانینو مەڵبەندێکی گرنگو جێی ئەمیەت پێدانی دنیا ؛ بێگومان بە هێزوپێزتر بوونی واقیعی ئیسلامی لەوێدا کاریگەری یە کی بەهێزو ڕاستەوخۆی دەبێت بۆ سەر جیهانی ئیسلامی بەگشتیو ناوچەکانی دەوروبەر بەتایبەتی •

هەڵبەتە پاشیارمەتی خوای میهرەبان و کاربەجێ ئومێدی زۆریشم بە هەوڵو هیمە تی دڵسوزانە کە هەرچی زیاتر ئەم زنجیرە باسە دەوڵەمەندترو دامەزراوتر بکەن بە هۆی تێبینیو سەرنجو پێشنیاری دۆستانەو بنیاتنەرانەیان •

ئیدی ،دەست لە دەستو بەرەکەت لە خوا.

عەلی باپیر

١٩٩٤/٤/٢

www.alibapir.net

# ئـاڵقەی یەکەم :

## بـزووتـنـەوەی ئیـسلامی‌و قۆناغی نوێی
## ئەرك‌و پێداویستی‌یەکـــان

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www.alibapir.net

# پێشەکی

خوێنەری مسوڵمانی بەڕێز بەگشتی و ئەندام و پێشمەرگەو دۆست و لایەنگرەکانی " بزووتنەوەی ئیسلامی " بەتایبەت! بەشتێکی پێویست و شایستەم زانی کەباس و لێکۆڵینەوە دەربارەی " بزووتنەوەی ئیسلامی " کەماوەی چەند ساڵێک بۆتە پێشەنگو سەر قافڵەو سێبەرو قەڵغانی ( بێداری ئیسلامی ) و جمو جۆڵ و کاری ئیسلامی لەکوردستاندا ، بکرێتە یەکەمین ئاڵقەی ئەم زنجیرەیە ، چونکە بڵێین یان نەڵێین ( بزووتنەوەی ئیسلامی ) بۆتە جێگای هیواو ئومێدو مایەی دڵخۆشی و چاو ڕوونی زۆربەی هەرە زۆری مسوڵمانانی کوردستان و خێرو خۆشی و گەشەکردنی بەخێرو قازانجی هەموو مسوڵمانان تەواو دەبێت و نسکۆو ناکۆزووریشی بەزیانی هەموویان تەواو دەبێت . ئەم ڕاستییەش لەتاقی کردنەوەی تاڵی ئەم دواییەی بزووتنەوەدا زۆربە ـزەقی بینراو هەستی پێکرا :

کەواتە :

هەتا شتێکی چاکترو ( بدیل )ێکی باشتر لە ( بزووتنەوەی ئیسلامی ) لە کوردستاندا پەیدا دەبێ و دەخەملێ ، کەحەتمەن و حەتمەن ئەگەر بیەوێ ڕەسەن و کاری گەر بێ دەبێ زادەو هەڵقوڵاوی واقیعی خەڵکی مسوڵمانی کوردستان بێ ، بەڵێ تائەوکاتە پێویستە تێکڕای مسوڵمانانی کوردستان ( بزووتنەوەی ئیسلامی ) بەجێی هیواو ئومێدی خۆیان بزانن و ئەو پەڕی گرنگی و ئەهمیەت پێدانەوە بەئەنگییەوە بن و مشووری بەرەو پێش چوون و بەهێزو پتەوتر بوونی بخۆن ، ئەگەر بیانەوێ واقیعی ئیسلامی داهاتووی کوردستان ڕەسەنترو بەهێزو پتەوتر بێت ، چونکە وەک گوتمان پێشەنگو سەر قافڵەی کاروانی کاری ئیسلامی لەکوردستاندا ( بزووتنەوە ) یەو دیارە هەتا پێشەنگو سەر قافڵەش شایستەترو لێهاتووتر بێت کاروان باشتردەڕوات و بەمەنزڵ گەیشتنی مسۆگەر تر دەبێت .

جا خوێنەری سەنگین و شیرین :

خوا پشتیوان بێ ئێمە لەم ئاڵقەیەدا زۆر بەگورشراوی سەرەتا لەژێر باسی ( چاو پێدا گێڕانەوەیەکی ڕابردوو ) دا سەرنجێکی مێژووی بزووتنەوەی ئیسلامی دەدەین ، پاشان دێینە سەر باسی ڕووداوەکانی ئەم دواییەی نێوان بزووتنەوەو تاقمی [illegible] (شکست )کە

www.alibapir.net

ڕواڵەتیمان‌و هەم دەرس و پەندە گرنگەکانی بخەینە ڕوو ٠

ئنجا لەژێر باسی : ( تایبەتمەندی‌یەکانی ئەم قۆناغەمان ) دا هەوڵ دەدەین لەچەند خاڵێکدا نیشانەو تایبەتمەندی‌یەکانی ئەم قۆناغەمان بخەینە ڕوو ، چونکە هەروەك چۆن شارەزایی دەربارەی ئایین گرنگو پێویستە، ناسین‌و شارەزایی دەربارەی واقیعی ژینیش بەهەمان شێوە ، بەڵێ هەم ( الفِقْهُ في الدِّين ) و هەم ( فِقْهُ الواقِع ) هەردووکیان پێویستن ٠

دوایی لەژێر سەردێری ( ئەرکەکانمان ) دا لەسێ خاڵی سەرەکیدا ئەرك‌و پێویستی سەرشانمان لەم قۆناغەدا ڕوون دەکەینەوە ، وەلەکۆتاییدا دێینە سەرباسی ئەو پێداویستی یانە ( مُسْتَلْزَمات ) ی کەکارو چالاکی ئەم قۆناغەمان پێویستی پێ‌یانەو پەکی لەسەریان کەوتووە ٠

بەهیوای ئەوە کەهەرچی دەیزانین بیشیتوانین‌و هەرچی دەشیتوانین لێ‌ی بزانین ٠

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www.alibapir.net

# سێ تێبینی

١ــ هەرچەندە ئەم ئاڵقەیە (بزووتنەوەی ئیسلامیی و قۆناغی نوێی) بەس بۆ توێژینەوەی قۆناغی ئێستای بزووتنەوە تەرخان کراوە، کەلێپرسراوو شوێن ــ کەوتووو لایەنگرانی بزووتنەوە بزانن ئەرکی سەرشانیان چیی بەو پێداویستییەکانی ئەنجامدانی ئەوئەرکە چین؟ بەڵام بۆیە هەرکام لە (چاوگێڕانەوەیەك بە ڕابردوودا) و (تاقی کردنەوەی تاڵی ئەمجارەمان) و (تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغە)م پێش خستە بەرلەوەی بێینە سەر ئەصڵی مەبەست، چونکە ڕابردووو ئێستاو داهاتوو پەیوەندییەکی توندیان پێکەوە هەیەو ئەوەی لەڕابردووی خۆی بێئاگا بێت نازانێ لە داهاتوشیدا چی بکات، کەواتە ئەگەر مەبەستی سەرەکی (بَیْتُ القَصید) ی ئەم ئاڵقەیە بەشی چوارەمو پێنجەمیەتی، بەشەکانی تریش پێشەکیی و ڕێ خۆشکردنێکی پێویستن و دەبوو هەر بین.

٢ــ ئێمە لەم ئاڵقەیەو هەموو ئاڵقەکانی دیکەی ئەم زنجیرەیەدا هەوڵ دەدەین هەرچی زیاتر مەبەستەکانمان بەکورتیی و چڕیولەهەمان کاتیشدا بەڕوونیی و ڕاشکاوی دەرببڕین، وەدەمانەوێ ئاڵقەکانی ئەم زنجیرەیە بۆئەوەی بەسێنایی و لەهەموو بارودۆخێکدا دڵسوزانی ئیسلام بۆیان بخوێندرێنەوەو لێیان بەهرەمەندبن لەقەبارەی گچکە گچکەدا پێشکەشیان بکەین و، خوایشتیان بێ هەر باس و مەسەلەیەکی گرنگ ئاڵقەیەکی بۆ تەرخان دەکەین.

٣ــ وەك عادەتی خۆم هەوڵدەدەم چی بەڕاست و پێویست بزانم بیخەمە ڕوو بەبێ ڕوو دەربایسی و گوێدانە دڵی ئەمو ئەوەیا لەبەر ئەوەی کەمو زۆر ئامازە دەکرێ بۆدەوری هەندێك کەس ــ چ درشت چ ورد ــ بەتایبەتی لەکاتی توێژینەوەی هۆکارەکانی تاقی کردنەوەی تاڵی ئەمجارەمان و هۆیەکانی (شکست)مان، بۆیە هەر لە ئێستاوە داوا لە هەموو لایەك دەکەم کە بەگومانی چاك و دڵی ساف و سینەی فراوانەوە لەگەڵ ئەم باسەدا ڕووبەڕوو ببنەوە ولەجیاتی هەڵچوون و دڵ توند بوون و زویربوون هەوڵی دەرس و

www.alibapir.net

پەند وەرگرتن و بەخۆدا چوونەوە بنەین و، دیارە ئێمە بەرژەوەندی وقازانجی ئیسلام و مسوڵمانانیش زۆرلەوە بەبەرزتر دەزانین کەلەبەر خاتری دڵڕاگر ـتنی ئەمو ئەو ئەوەی بەقازانجی ئیسلامی دەزانین نەیڵێین .

وەلەڕاستیدا بەپێی فەرموودەی (الدِّينُ: النصيحة) وفەرموودەی (المُؤْمِنُ مِرْآةُ أخيْهِ إِذا رَأى فيْهِ عَيْباً أَصْلَحَهُ) من نەك هەر بەرەواو دروست (جائز) بگرە لە سەرخۆی بە پێویست دەزانم کە کەمو کوڕییەکانی خۆمان بخەمە ڕووو دەست لەسەر هەڵەو ناتەواوییەکانمان دابنێم و بە کورتی نوختــە لەسەر پیت دابنێم، ئاشکرایە کە بەندەش هەرئەندامێکی ئەو کۆمەڵەیە کەهەڵەو کەمو کوڕییەکانی دەست نیشان دەکات و هەوڵی لابردنی عەیبە ـکانی دەدات .. کەواتە هەرچی دەیڵێ لەپێشەوە لە کەڵ خۆیەتی وبــە خۆی دەڵـــــــــێ .

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net



www.alibapir.net

## بەشی یەکەم : چاو پێدا گێڕانەوەیەکی ڕابردوو

مێژووی بەسەرهاتی بزووتنەوەی ئیسلامی هەتائەمڕۆ بەڕای بەندە دابەش دەبێ بۆپێنج قۆناغ :

قۆناغی یەکەم لەنیوەی دووەمی حەفتایەکانەوە دەست پێ دەکات و درێژ دەبێتـــەوە هەتا ساڵی ( ١٩٨٤ ) ی زایینی .

قۆناغی دووەم لە ( ٨٤ ) ەوە هەتا ( ١٩٨٧ )ی زایینی دەخایەنێ .

قۆناغی سێیەم لە (٨٧) ەوە هەتا ( ١٩٩١ ) ی زایینی .

قۆناغی چوارەم لە ( ٩١ ) ەوە هەتا ( ١٩٩٤ ) .

وەقۆناغی پێنجەمیش لە سەرەتای سا ڵی (١٩٩٤) ەوە دەستی پێ کردووەو بەس خواش دەزانێ سەرەنجام چۆن و کەی دەبێ !

ئێستاش باسەرنجێکی خێرا لەهەرکام لەم پێنج قۆناغەی تەمەنی بزووتنەوەی ئیســلامی بدەین :

قۆناغی سەرەتا : لە (١٩٧٦ ) ەوە تا (١٩٨٤ ) :

دوای نسکۆی (٧٥)و هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول گەلی کورد سەرجـەم دووچاری بێ هیوایی و نائومێدی بوو ، چونکە شۆڕشی ئەیلول بەڕابەرایەتی سەرکردەی ناوداری کورد (( مەلا مصطفى )) ی بارزانی تاڕادەیەکـــی زۆر توانیبووی هەموو چین و توێژەکـانی گەل کۆبکاتەوەو ئاشکرایە کــــــــە سەرەنجامی دڵ تەزێنیشی هەموو چین و توێژەکان دەگرێتەوە .

بەڵام ئاشکرایە کە ورە بەردان و بێ هیوایی گەلی کوردی مسوڵمــــان نەدەگونجا زۆر درێژە بکێشێ چونکە لە لایەکەوە گەلی کورد سروشتێکی جەنگاوەرانەو کۆڵنەدەرانەی هەیەو لە لایەکی دیکەشە بارو دۆخی ئەوسا ی کورد یەکجار تەنگ و سەغڵەت و دژواربوو، بۆیە هەرزوو بەتایبەت لەدوا ی ( ٧٦ )ەوە دەستکرایەوە بەهەوڵ و کۆشش بۆ بنیات نانەوەو هەڵگیرساندنە ـــوەی شۆڕشی ڕزگاری خوازی و لەچەند لایەکەوەو بەچەند شێوازێکی جیا جیا خەباتی گەلی کورد سەری هەڵدایەوە ،بەڵام لەکاردانەوەی ئـــەوەکە بەبۆچوونی بەشێك لەسەرانی ئەو پێڕوتاقمانە (مەلا مصطفى )کاریرایەکی دیندارو عەشایەری بووە ! هەموو ئەو هەوڵانەی کەلەدوای (نسکۆ)وەدران

www.alibapir.net

کەمەو زۆر بەلای مارکسیزم چەپی گەڕێتیدا شکانەوەو ئەوەی کەبڕواشی بەمارکسیزم نەبوو هەوڵی دەدا بۆیاغێکی ئەو بیرۆچکەیە لەخۆی بدات چونکە بوو بوە ( مۆدێل ) !!

بەڵام لەنێوهەراو جنجاڵو چخوردی بیرە خوازراوەوردیچکە هێزاوەکاندا و لەنێوگەرمەی لاساکردنەوەو شوێن کەوتنی بیردۆزە ئەملاو لایی یەکاندا هەردە وردە ویژدانو فیطرەتی مسوڵمانانەوپاکی هەندێك (کورد)ی متمانەو بساوەر بەخۆ بێدار بۆوەو هاتنەوەو سەرەخۆو بیریان کردەوە :کەباشە هەباران بۆچی دەبێ هەرچاو ببڕینە خەڵکی هەندەرانو وەك سواڵ کەر دەستمان پسان بکەینەوە داخوا کەنگێ لەتکە بیردۆزەیەکی سووتاو یان نەبرژاو (چونکە: نانی سواڵی یان سووتاوە یان نەبرژاوە !) مان لەدەست دەنێن ؟! ئایا پەندی :(ماڵیان پڕبوو لە ڕازیانەو منداڵیشیان بەزگە ئێشە دەمرد!) لەئێمە ڕووی نەداوە ؟!

بەڵێ سەرەنجام لەبارودۆخێکی ئاوادا بیری دروستکردنی (بزووتنەوەی ئیسلامی ) لەچەند دڵو مێشکێکی پاكو مسوڵماندا سەری هەڵدا و پاشان وردە وردە لە دنیای واقیعیشدا ڕسقاو خەملاً ، وەشایانی باسە کە بەندە هەر لەسەرەتای هەشتاکانەوە کەمو زۆر پەیوەندیم لەگەڵ ئەو کۆمەڵە هەبووو جاروبار کۆبوونەوەو دانیشتنمان پێکەوە دەبوو بێ ئەوەی بەشێوەیەکی ڕەسمی ئەندامەتی خۆمیان لەنێودا ڕابگەیەنم ، لەبەر ئەوەی وەك پێویست قەناعەتم بەبنەماو شێوازی کارەکەیان نەبوو ، بەڵام دریغیم نەدەکرد لە ڕێنمایی و گوتنی هەر ئامۆژگاری و تێبینی یەك کەبە پێویستم زانیبێ .

قۆناغی دووەم: لەساڵی (٨٤)ەوە هەتا (٨٧)ی زاینی:

قۆناغی دووەمی مێژووی خەباتی بزووتنەوەی ئیسلامی لەساڵی (٨٤)ەوە دەست پێدەکات ئەو سەرەتایەش لەو کۆبوونەوەو خۆپێشاندانە شکۆمەندەدا خۆی دەنوێنێ کەلە (٢٧)ی ڕەمەزانی ساڵی (٨٤)دا لەمزگەوتی گەورەی چوارقوڕنە داسازکرا ،بەبۆنەی شەهیدکرانی مامۆستا مەلا عومەری تیماری یەوە لەلایەن تاقمی جەلالی یەوە ، دیارە لەو کۆبوونەوەیەدا چەندان وتاری

www.alibapir.net

گرنگو مێژوویی لەلایەن کۆمەڵێك لەماموستایانەوە پێشکەش کرانو تۆمـــار کرانو پاشان نوسخەیان بەهەموو ناوچەکانی کوردستان دا بلاو کرایەوە ، ئەمە وەك سەرەتایەکی زەقی تێك گیران ولەیەك هەڵبەزینەوەی تەوژمـی ئیسلامیو بیری مارکسیبانەو بێ بڕوایانە وابوو لەکوردستان دا .(١)

دیارە هەر بۆ ساڵی دوایی واتە ساڵی (٨٥) کۆمەڵێك مامۆستاو گەنجو لاوی جەسوورو خوێن گەرم دوای کۆچ کردن ، دروست بوونی بزووتنەوەیەکی ئیسلامی چەکدار یان ڕاگەیاند بەناوی ( بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی » )، وەلەساڵی (١٩٨٦)دا کۆمەڵێکی تر کۆبوونەوە[illegible] گەشەی کردو چگـە لەناوچەکانی ( شلێر ) و ( پێنجوێن ) بنکەی پێشمەرگەکانی ئیسـ‍ــــــــلام لە ناوچەکانی " خۆشناوەتی " و " تەرەداغ " یشدا بنیات نران .

شایانی باسیشە کە بەڕێز " مامۆستا شێخ محمدی ـ وێ " دا سراوبـــە " بەرزنجـــی "یەکەمین ڕابەری بزووتنەوەبوو،پاشان لەساڵی(١٩٨٦)دا بەڕێز "مامۆستا شێخ عبد اللطیف وازەیی " ی بووبە دووەمین ڕابـــەری بزووتنەوە .

---

(١) ـ شایانی باسە کەلەگەرمە گەرمی ئەو تێك گیرانو دەبەرێـــــــك ڕاچوونەدا بوو بەندە سەرەتا کتێبی " پوختەیەك لە دەربارەی ئیسلام " وپاشان ئالقەکانی یەکەمو دووەمو سێیەمی " زنجیرەی : دەبەرێك ڕاچوونی ئیسلامو ڕێچکان " ی نووسیو یەکەمیان لە(١٩٨٤) و دووەمیان (١٩٨٥)دا چاپ کران و مارکسیو ماددەپەرستەکان بەتایبەتی بەئی دووەمیان زۆر قەڵسو تووڕەبوونو تەنانەت لەهەندێك شوێن نوسخەکانیان دەکڕیو دەیان سوتاندن ! وە گەنجو لاوە ئیسلامییەکانیش بەگەرمی و حەماسەتەوە پێشوازیان کردنو بەس لـــە سلێمانی " ئیسلامو ڕێچکان " (٢٥٠٠) دانەی لێ فرۆشرا هەروەهـــــا هەرلەو ماوەیەدا بەو کەهەرکام لە " یادی خودا " و " گەورەترین ڕاستی " و " دادگەری کۆمەلایەتی " یم نووسی کەبەس " یادی خودا " چاپ کراوە .

(٢) ـ ( مامۆستا شێخ عبد اللطیف ) خوالێی خۆش بێ وبە پلە بەرزەکانی بەهەشتی بگەیەنێ لەساڵی (١٩٩٣)دا بەڕووداوی سەییارە کۆچی دوایی کرد .

www.alibapir.net

قۆناغی سێیەم: لەساڵی (١٩٨٧)ەوە هەتا ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی ساڵی (١٩٩١): ئەم قۆناغەش بەکۆچکردن و ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆرتر لە مامۆستاو گەنج و لاوە ئیسلامییەکان دەست پێ دەکات، دیارە لەم قۆناغەدا "بزووتنەوە" زیاتر کەشەی کردو فراوان بوو، وەناوی "بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق دا"ی بۆ هەڵبژێردراو بەڕێز: "مامۆستامەلا عثمان عبدالعزیز"یش بەسێ یەمین ڕابەری گشتی هەڵبژێررا، دیسانەوە سەرەتای ئەم قۆناغە کەهەتا کۆتایی پێ هاتنی شەڕی نێوان ڕژێمی بەعس و کۆماری ئیسلامی ئێران کەمتر لەساڵێکی خایاند، کاتێکی زۆرپڕفەڕو بەرەکەت بوو لەتەمەنی بزووتنەوەی ئیسلامی و، لەڕووی سیاسییەوە سەرکردایەتی بزووتنەوە پەیمانی هاوخەباتی و هاوسەنگەری لەگەل پارتی و یەکیەتی و حیزبی سۆشیالیست دا ئیمزا کردو، لەڕووی عەسکەرییشەوە لە زۆربەی زۆری ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستان دا بنکەو بارەگای دامەزراندو لەڕووی ڕاگەیاندنیشەوە(١) هەتا ڕاددەیەکی باش خۆی بەکۆمەڵ و لایەن و کەسایەتییە ئیسلامی و غەیرە ئیسلامییەکانی نێوەوەو دەرەوەش ناساندو دەنگی ڕەوای چەوساوەی کوردیشی لەقاڵب و شێوازی ئیسلامی دا بە ئۆممەتی ئیسلامی گەیاند.

---

(١).. شایانی باسە کەلەم قۆناغەدا بەندە بۆ پڕکردنەوەی کەلێن و بۆشاییەکی گەورە کەلە کتێبخانەی کاری ئیسلامی دا دەبینرا ئەم بەرهەمانەم نووسی " ١-کۆمەڵی خوا ٢-پێشمەرگەی ئیسلام ٣-خوا سبحانە وتعالی ٤-پێغەمبەران صلی الله علیه وسلم ٥-ڕۆژی دوایی ٦-قەزاو قەدەر ٧-سۆزی نەتەوایەتی ٨-کوردستان بۆ وێران بوو چۆن ئاوەدان دەبێتەوە؟! ٩-حوکمی گەڕانەوە ژێر ئیری طاغووت ١٠-ڕێبازی پێغەمبەر کامەیە؟! ١١-ڕێگای صالح بوون بەرەو خواچوون.. ١٢-دەردو دەرمانی بزووتنەوەی ئیسلامی .. کەهەمووشیانمان چاپ کرد. وە (مسوڵمانی کامل) وچەند بەرهەمێکی تر کەچاپ نەکراون.

www.alibapir.net

بەڵام پاش کۆتایی هاتنی جەنگی نێوان عێراق و ئێران ، ڕژێمی بەعس توانی دەست بەسەر هەموو خاکی کوردستاندا بگرێتەوەو بزووتنەوەش وەك هەموو لایەنە سیاسییەکانی تری کوردستان بەناچاری بێتە نێوخاکی کۆمـــاری ئیسلامی بەوەو بنکەو بارەگایەکانی لەسەر سنوورەکان دابمەزرێنێتەوە، شایانی باسیشە کەئەو ماوەیەی تەمەنی بزووتنەوەی ئیسلامی ماوەیەکی یەکجار پڕ کێشەو کێشەو گیرو گرفت بوو ، بزووتنەوە لەبارو دۆخێکی وەستاو "جامد" و بێ پێزدا دەژیا ، بەڵام بێ گومان هەرچۆنێك بێ حاڵی بزووتنەوە لەحاڵـــی شپرزەو پەرێشانی لایەنە سیاسییەکانی تر هەر چاکتربوو کەتەواو بــەرەو [illegible]

قۆناغی چوارەم: کەلەڕاپەڕینی: (١٩٩١/٣/٥)ەوە هەتا سەرەتـــای ئەم ساڵ (١٩٩٤)ە:

ئەم قۆناغەش کەبەڕاستی بەبەپێزترین قۆناغی تەمەنی بزووتنــــەوەی ئیسلامی دادەنرێ قۆناغێك بوو بزووتنەوە گەلێك هەنگاوی مەزنی تێـــدا ناو زۆر کاری گەورەی تێدا ئەنجام دا ، چ لە ڕووی سیاسیو چ لە ڕووی فکریو پەروەردەییو چ لە ڕووی عەسکەریو چ لە ڕووی ڕاگەیاندنو ... هتدەوە .

وەبێگومان بزووتنەوەی ئیسلامی لە ماوەی کەمتر لە سێ (٣) ساڵی ئەم قۆناغەدا توانی تا ڕادەیەکی باش گەشە بکاتو جەماوەرێکی چاكو پـــاك لەخۆی کۆ بکاتەوەو تەنانەت متمانەو باوەڕی دوژمنو نەیارەکانیشی بەخۆیو ئەندامو پێشمەرگەکانی پەیدا بکات ، بەهۆی ئەو پەرێزو هەڵوێســـــتو دۆستو ڕەفتارە ڕەسەنانەیەی کە لەسایەی پابەندی بە شەرعەوە لەبواری سیاسیو کۆمەڵایەتیو لە بواری هەڵسو کەوتی شەخسیو خێزانی لە زۆربەی هەرزۆری لێپرسراوو ئەندامو پێشمەرگەو دۆستو لایەنگرانیدا دەبینرا .

---

١)ـ لەو قۆناغەش خوای میهرەبان لوتفی کردو یارمەتی بەندەی دا بـــۆ نوسینی ئەم بەرهەمانە :

١ـ " چارەسەری کێشەی کورد لەنێوان ئیمانو پەرلەماندا" کەلەنێو دوژمنو نەزانی ئیسلامدا هەراو چەقاڵی زۆری لەسەر پەیدابوو و ئێستاش هەر بەردەوامە .

٢ـ " هەڵوێستو دێڵە کشتییەکانی کارمان لەم قۆناغەدا" . کەتایبەتە بـە ڕێکخستنەوە

٣ـ " پرۆژەی: بەرنامەی پەروەردەو فێرکردنی ئیسلامی یانە" کە تا ئێستا چوار ئاڵقەی لێ چاپکراوە بەم ناوانە: (١ـ سەرچاوەی وەرگرتن ٢ـ تێڕوانین ٣ـ بیروباوەڕ ٤ـ تێگەیشتن) وەچەند ئاڵقەیەکی تریشیان نووسراون یان کەلەلە کراون . بەڵام چاپ نەکراون،شیاوی باسیشە کەهەتا ئێستا پرۆژەی ناوبراو بەس لەنێو ڕێکخستـــندا بڵاو کراوەتەوە .

www.alibapir.net

بەڵام بێگومان هاوکات لەگەڵ ئەو لایەنە ئیجابیو نوختە ڕۆشنانـــەی بزووتنەوەی ئیسلامی هەندێك لایەنی لاوازو خاڵی ڕەشو نالەباریــــــش لەبزووتنەوەدا هەبوون کەئێستا دەرفەتی باسکردنیانمان نیەو دەتوانیـــــن لەبەشی دووەمی ئەم باسە دا ئاماژەیەکیان بۆ بکـــەین ٠

قۆناغی پێنجەم : ئەمیش لەسەرەتای ساڵی (١٩٩٤) ەوەو پاش تاقی کردنە ـ وەی تاڵی ئەمجارەمان دەستی پێ کردووەو ، جارێ نازانین سەرەنجامـــی چۆن دەبێ ، جالەبەر ئەوەی ئێمە بەشی سێیەمی ئەم باسەمان تەرخـــان کردووە بۆ توێژینەوەی " تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغەمان " لێـــــرەدا بەپێویستی نازانم لێی بکۆڵمەوەو لەوێدا چی بەپێویست بزانین ڕوونـــی دەکەینەوە ٠

www.alibapir.net

## بەشی دووەم: تاقی کردنەوەی تاڵی ئەمجارەمان وهۆو پەند

خواپشتیوان بێ دەمەوێ لەم بەشەدا هەم هۆکارەکانی "تاڵیی" و"شکست"ی تاقی کردنەوەی ئەمجارەمان و هەم ئەو دەرس و پەندانەی کەلێی وەردەگیرێن بتوێژمەوە، بەلاّم پێش ئەوەی بچمە سەرئەسڵی مەبەست بە پەسنـــــدی دەزانم هەربەکورتی ئاماژەیەك بکەم بۆ دوو مەسەلەی گرنگ:

یەکەم: هۆی تاقی کردنەوەی تاك و کۆمەڵی مسولمان لەلایەن خوای کار بەجێوە، دووەم: حیکمەت و سوودی ئەو تاقی کردنەوەیە.

دەربارەی مەسەلەی یەکەمیان خوای زانا لەزۆر جێی قورئانـێ دا ڕا یگەیا ـندوە کەیاساو عادەتی خوا وایە کەبەندەکانی تاقی بکاتەوەو پاك و پیسیان لەیەك جیا بکاتەوە، بڕوانە:

١- " وَلَنَبْلُوَنَّكُم حَتَّىٰ نَعْلَمَ الْمُجَاهِدِينَ مِنكُمْ وَالصَّابِرِينَ وَنَبْلُوَ أَخْبَارَكُم " محمد.

٢- " وَلَنَبْلُوَنَّكُم بِشَيْءٍ مِّنَ الْخَوْفِ وَالْجُوعِ وَنَقْصٍ مِّنَ الْأَمْوَالِ وَالْأَنفُسِ وَالثَّمَرَاتِ وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ .. " البقرة.

٣- " لَتُبْلَوُنَّ فِي أَمْوَالِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ وَلَتَسْمَعُنَّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ مِن قَبْلِكُمْ وَمِنَ الَّذِينَ أَشْرَكُوا أَذًى كَثِيرًا ... " آل عمران.

٤- " أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُوا الْجَنَّةَ وَلَمَّا يَأْتِكُم مَّثَلُ الَّذِينَ خَلَوْا مِن قَبْلِكُم مَّسَّتْهُمُ الْبَأْسَاءُ وَالضَّرَّاءُ وَزُلْزِلُوا حَتَّىٰ يَقُولَ الرَّسُولُ وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ مَتَىٰ نَصْرُ اللَّهِ ؟! أَلَا إِنَّ نَصْرَ اللَّهِ قَرِيبٌ " البقرة.

٥- " الم . أَحَسِبَ النَّاسُ أَن يُتْرَكُوا أَن يَقُولُوا آمَنَّا وَهُمْ لَا يُفْتَنُونَ وَلَقَدْ فَتَنَّا الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَلَيَعْلَمَنَّ اللَّهُ الَّذِينَ صَدَقُوا وَلَيَعْلَمَنَّ الْكَاذِبِينَ " العنكبوت.

وەك لەم دەقانەدا دەبینرێ مەسەلەی تاقی کرانەوەی بڕوادا را ن یەکێکە لە یاسابنەڕەتییەکانی خوا لەژیانی مرۆڤدا، خوای کاربەجێ وای بڕیار داوە کەهەمووئەو کەسانە بجەربێنێ و تاقی بکاتەوە کەخۆیان بەبڕوادارو شوێن کەوتووی بەرنامەی خوا پێشان دەدەن.

وەدەربارەی مەسەلەی دووەمیشیان ـ واتە حیکمەت و فەلسەفـــەی تاقی کرانەوەی بڕواداران ـ دیسان خوای کاربەجێ زۆربەڕاشکاوی و ڕوونـــی



www.alibapir.net

لەچەندان جێگای قورئا نیّدا ئاگاداری کردووینەوە ، بۆ وێنە :

" قَدْخَلَتْ مِنْ قَبلِكُمْ سُنَنٌ فَسِيرُوا في الأَرضِ فَانْظُروا كَيْفَ كَـانَ عاقِبَةُ المُكَذِّبِينَ . هَذا بَيانٌ لِلنّاسِ وهُدىً وَمَوْعِظَةٌ لِلْمُتَّقِين . ولاتَهِنـوا ولاتَحْزَنُوا وأَنتُمُ الأَعْلَونَ إِنْ كُنتُمْ مُؤمِنِيْنَ . إِنْ يَمْسَسْكُمْ قَرحٌ فَقَـدْ مَسَّ القَوْمَ قَرْحٌ مِثْلُهُ وتِلْكَ الأَيّامُ نُداوِلُها بَيْنَ النّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللَّـهُ الَّذِيْنَ آمَنُوا وَيَتَّخِذَمِنكُمْ شُهَداءَ واللّهُ لايُحِبُّ الظّالِمِيْنَ . ولِيُمَحِّصَ اللَّـهُ الَّذِيْنَ آمَنوا وَيَمْحَقَ الكافِرِيْـنَ ". آل عمـران.

وەك دەبینین لەم ئایەتانەدا کەبەبۆنەی تێشکانی مسوڵمانان لەجەنگی " ئوحود" دا هاتوونەتەخوارێ ئاماژە بۆ پێنج حیکمەتو بەرهەمی تاقـی کردنەوە " الأبتلاء" کـــراوە :

١- ناسرانی بڕواداران . " ولیَعْلَمَ اللّهُ الّذین آمنوا ".

٢- هەڵبژاردنی شەهیدان بۆ پلەی بەرزی شەهادەت : " ویتّخِذَمنكُمْشُهَداءَ ".

٣- دەرکەوتنو ئاشکرا بوونی پوچ ودەغەڵو ستەمکارانێك کەلە ریـــــــزی بڕواداراندا خۆیان حەشار داوەو لە شێنەییدا ناناسرێن : "واللّهُ لايُحِـــبُّ الظّالمیــــــن ".

٤- پاڵاوتنو لە بێژینگ دانی براواداران لەسەرئاستی تاكو کۆمــــــــەڵ : " وليُمَحِّصَ اللّهُ الّذين آمنوا ".

٥- وەسەرەنجام دوای بڕینی ئەو قۆناغانەی ڕابردن -لەبەین بردنو ڕاماڵینی بێ بڕواو لاڕێ بوانی ناحەزو دوژمن : " ويَمْحَق الكافرين ".

ئێستاش کەزانیمان تاقی کردنەوەی تاكو کۆمەڵی مسوڵمان لەلایـەن خوای دادگەرو کاربەجێوە شتێکی حەتمییەو یەکێکە لەیاساو بڕیارەکانـــی خوای میهرەبان ، وەتاڕادەیەك تێکەیشتین کەتاقی کردنەوە"امتحان" چ حیکمەت و سوودێکی تێدایە ، بابچینەسەر ئەصڵی مەبەستو بزانیـــن هۆکارەکانی" تێشکان " ی ئەمجارەی بزووتنەوەی ئیسلامی چی بوون ؟!

دیارە توێژینەوەی ئەم باسە ئەگەر بویسترێ تێرو تەسەل بێــــت کورد گـــــوتەنی : " هەوبرێکە ئاوی زۆردەوێ " بەڵام وەك لەسەرەتاوەش گوتمان ئێمە لەم زنجیرە باسەدا کورتیو گوشراویو ڕوونو ڕاشکاوی ڕەچاو دەکەین، بۆیە دوای ڕێ خۆشکردنێکی کورت یەکسەر لەچەند خاڵێکـــــــی

www.alibapir.net

گوشراوداهۆکاره گرنگو بنچینەییەکانی " شکست "ی ئەمجارەمان دەخەینە ڕوو :

زۆرجاران ئینسان بۆ دۆزینەوەی هۆی تێشکان و سەرکەوتنی لە کارێکدا جگەلەخۆی هەمووکەس و هەمووشتێك و هەموولایەك دەپشکنێ! بەلام قورئان فەرمان دەکات و تێمان دەگەیەنێ کەبنەماو هۆکاری ئەسلی و سەرەکی " سەرکەوتن و تێشکان " بەس خۆمانین " خۆ "ی تاك و "خۆمان "ی کۆ!

بڕوانە خوای بەرزو مەزن لەوبارەوە فەرموویەتی : " أَولَمَّا أَصابتكم مُصيبةٌ قَدْأصبتُمْ مِثْلَيْها قُلتُمْ أَنَّى هذا ؟! قُلْ هُوَ مِنْ عِندِ أنفُسِكُمْ ... " آل‌عمران-

بەلێ بێگومان ئیسلام دوژمنی زۆرن و بەخوێنی سەریشی تینون، بەلام ئایا جگە لە خراپەو دژایەتی و زیان چی دی لە دوژمن چاوەڕێ دەکرێ؟! کەواتە نابێ هیچ کاتێك بۆ وەلامدانەوەی پرسیاری : "بۆچی تێ شکاین؟!" باسی دوژمن بکەین ، چونکە یەکەم ئەوە شتێکی ڕوون و بەلگە نەویستە، دووەم ئێمە ناتوانین دوژمن لە دژایەتی کردن و خراپەو ستەم لادەین مەگەر یان خوا هیدایەتی بدات کەئەوکاتە دەبێتە دۆست و براولەدوژمن دەشۆرێ، یان بەسەریدا زال ببین و بەناچاری سەری خۆی کز بکات و لەسەر پەتکی خۆی دانیشێ ، بەلام هەلەو ناتەواوییەکانمان لەدەست خۆمان دان و ئەگەر بمانەوێ دەتوانین لایان بەرین و خۆمان بژار بکەین، هەر بۆیەش خوای زانا فەرموویەتی : " ..إِنَّ اللّهَ لاَيُغَيِّرُمابقومٍ حتَّى يُغَيِّرُوامابأَنفُسِهِمْ ... " الرعد- وەفەرموویەتی : " ياأَيُّها الَّذينَ آمنواعَلَيْكُمْ أَنفُسَكُمْ لايَضُرُّكُم مَنْ ضَلَّ إِذا اهْتَدَيتُمْ .. " المائدة-

کەواتە :

بابەکورتی و گوشراوی لەچەند خالێکدا ئەوهەلەو ناتەواوی و کەم و کوڕیـیانەی خۆمان دەست نیشان بکەین کەدەوری گرنگو سەرەکییان هەبوو لە شکستی ئەمجارەمان دا :(1)

(1)-شایانی باسە کەهەموویان، زۆربەی ئەو هەلەو کەم و کورییانە پێش ئەو ڕووداوەش لەلایەن هەندێك کەسەوە هەستیان پێ کرابوو و زۆرجار بەگوتن و نووسینیش دەخرانەڕوو . بەلام دوای ئەوکارەساتە ئەوانەش کەپێشتر ئینکارییان دەکرد قەناعەتیان هات و -الحمدلله- حالی بوون!!

www.alibapir.net

ئەو کەمو کوڕی یانەی کەبوونە هۆی تێشکانی ئەمجارەمان :

١- لاوازی وەلامەزراوی ئیمان ، چونکە خوا فەرموویەتی : " وَأَنْتُمُ الأَعْلَـــوْنَ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِين " آل‌عمران -

دیارە ئەو ئیمان کزی‌یەش لەهەموو ئاستەکان‌دا کەمو زۆر هەبووەو ، ئاشکراشە کەئیمانێ لاوازیش لەزۆر شت‌دا خۆی دەنوێنێ ،وەك : دنیـــا خۆش ویستن ،لەمردن ترسان ،پاشەکشە کردن‌و سەنگەر چۆڵ کردن ،پابەند نەبوونی بەفەرمانی براگەورەوە ، زاڵ بوونی هەستی خزمایەتی‌و ناوچایەتی بەسەر هەست‌و نەستی ئیسلامەتی‌دا ،بەتەنگ برایانەوە نەبوون‌و هەرلـــە خەمی خۆ‌دابوون‌و ،دەروون بەزین‌و خۆپێ هیچ بوون‌و دوژمن پێ زۆربوون .

٢- لاوازی رەوشتی ئیسلامی،کە ئەمیش بەرهەمی ڕاستەوخۆی ئیمان کزی‌یە، بەڵێ نەبوونی برایەتی مەحکەمو دامەزراوو ، خۆشەویستی تێرو تەواوو، پێکەوە ڕەفتارکردنی دادگەرانەو ، بەتەنگ یەکترەوە نەبوون‌و ،نەبوونی هاوکـــاری‌و دەستبار بۆ یەکتر گرتن‌و ... هتد دەوری گرنگو بنەڕەتی‌یان هەبـــوو لەکرچ‌و کاڵی‌و شپرزە حاڵی ئەمجارەمان‌دا ..کەنموونەی زۆرو زەوەنـــــد لەوبارەوە هەن .

٣- نەبوونی مەرکەزییەت لەبڕیاری سەرکردایەتی‌دا، بۆ وێنە لەکاتێك‌دائێمە لەسەر کردایەتی‌دا لەهەموو لاوە هێرشمان لەسەربوو و ئابڵوقە درابوویـــن ؛ ئی‌وامان هەبوو تاك ڕەوانە خەریکی صوڵح‌و ڕێککەوتنی سەربەخۆبوو لەسـەر ئاستی شار یان ناوچەکەی ! بێ ئەوەی گوێ‌بداتە ئەوهەموو برووسکـــەو ئاراستەو هاوارەی کەلەسەر کردایەتی‌یەوە بۆی دەنێررا !!

٤- لاوازی سیاسی ، کەبەزەقترین شێوە لەو گفت‌و گۆوبەناو ڕێککەوتنانـــەدا دەبینرا کەئەندامێك یان زیاتری سەرکردایەتی لەگەڵ دوژمن‌دا سەرکەرمیان بوون‌و لەوێ ئەوانیان فریو دەداو دەیان خافڵاندن‌و لەولاش پەیتاپەیتاخەڵك‌و حەشاماتی گێل‌و هەڵخەڵەتاویان بەرەو سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئیسلامی [redacted]

www.alibapir.net

٥- نەبوونی مەکتەبی عەسکەری، هەڵبەتە هەندێك لەئەندامانی مەکتەبی عەسکەری وەك شەخس دەوری مەردانەیان بینیو هەیان بوو گیراو هەیان بوو بەپەلەپروزە قوتاری بوو و هەشیان بوو برینداریش کراو لەسەر قەراغی مەرگیش گەڕایەوە ، بەلا م بەداخەوە لەوشەڕەدا هەست بەبوونی لێپرسراوو مەکتەبی عەسکەری هەرنەدەکراوهیچ ڕۆڵێکی کەمو زۆری نەگێڕا، دیارە دنیای پەرێزو کردەوەو قسەو وتارانیش لێك دوورن !!

٦- نەبوونی ڕاگەیاندن ( الأعلام )، بەڵێ لەڕاستیدا جگەلەدەوری گرنگی یەك دوو ڕۆژەی سەرەتای شەڕی تەلەفزیۆن ئەویش لەناوچەیەکی تەسکدا، دەزگای ڕاگەیاندنمان دەوری سفر بوو ! کەلەبەرانبەردا ڕاگەیاندنی بیستراو بینراوو خوێندراوەی دوژمن دنیای پڕکردبوو لە پڕوپاگەندەو درۆو دەلەسەو شتی بێ سەرو پێ !

٧- لاوازی لایەنی دارایی و ئابووری ، کەبەڕاستی ئەمیش دەورێکی سەلبی یەکجار کاریگەری هەبوو لەئاڵقان و پەك کەوتنی زۆر ئیش و کارو ، پەنچەر بوونی زۆرنەخشەو پلاندا .

٨- کرچ و کاڵی ڕێکخستن " التنظیم " ، کەبێ گومان بەر لەهەمووکەس بۆ لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخستن دەگەڕێتەوە کەبەندەیە ، هەرچەندە دەزگای ناوبراو هەندێك شتی چاکیشی ئەنجامداو قورساییەکی زۆری کەوتبۆسەرشان و، شەهید بوونی ئەندامێکی مەکتەبی ڕێکخستن و ئەندامێکی هەرێمی (١) و لێپرسراوی ڕێکخستنی ناوچەی بادینان وچەندلەبرایانی ناوچەو ڕێکخراووپۆل و شانەکانیش چاکترین بەڵگەیە لەو بارەوە، هەروەها لەڕێی دەزگای ناوبراوەوە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەو خۆ ژمارەیەکی باش لەئەندامانی درشت و وردی بزووتنەوەش قوتار کران کەبەندە یەکێکە لەوان ، وەلەڕاستیدا جەنابی " ڕابەری گشتی " بیش هەرلەڕێی دەزگای ناوبراوەوە هەوڵی ڕزگار کرانی بۆ درا ، بەلام بەهۆی زۆری بۆسەکانی دوژمن و گوێ پێ نەدرانی ڕێڕەوونی یەکانی بەندە کەلەسەر شاخی ماکۆك عەرزی بەڕێزیانم کرد ، هەوڵەکە سەری نەگرت و کەوتە دەست دوژمن و ، [redacted]

www.alibapir.net

[redacted] ، خوای میهرەبانیش بەلوتفی خۆی لەهەڵەو کەمو کورتی هەموولایەکمان ببورێ ٠

دیارە هەڵەو ناتەواوی‌یەکانی " ڕێکخستن " زیاتر لەو ڕووە وەبوون کە ڕێکخستن نەیتوانی وەك پێویست ئیش‌وکارەکانی خۆی ئەنجام بدات، لە زۆربەی شوێنەکان براو خوشکانی بەشی ڕێکخستن لەبەر ئەنجامدانی کارو چالاکی پێشمەرگایەتی کاری ئەسڵی‌خۆیان فەرامۆش کردبوو وسەرەنجام ئاشکراش بوون !

٩- پشت بەستن بەکەسانێکی نەناسراوو تەجرەبە نەکراو ج لەنێوخۆو ج لەدەرەوەی بزووتنەوەی ئیسلامی‌دا ، لەسەر بنچینەی عاتیفەو هەبوونی " ولاء " شەخسی ٠

١٠- کزی‌و سەرکێڵی پەیوەندی‌و ئاشنایی لەگەڵ خەڵکێکی مسوڵمان‌و خاوەن بنەماڵەو عەشرەت‌و قسە ڕۆیشتوو ، کەلەڕاستی‌دا هەندێکیان هاتنە پێش و دڵسوزانە دەوری کاریگەری خۆیانیان بینی ٠

١١- خۆنەناسین‌و لەخۆبایی بوون‌و، ناواقیع بینی‌و دوژمن بەکەمگرتن، خوای کاربەجێش فەرموویەتی : " وَيَوْمَ حُنَيْنٍ اذ أَعْجَبَتكم كَثْرتكم فَلَمْ تُغْنِ عَنكُمْ شَيْئاً ٠٠ " التوبە ــ

شاعیریش دەڵێ : " لاتَسْتَصْغِرْ عدوَّكَ فأَنَّ البَعُوضَ تُدْمي مُقْلَةَ الأَسَدِ " ٠

١٢- دڵی خەڵك بریندار کردن‌و خەڵك سڵەماندنەوەو دوژمن پەیداکردن بەقسەو ڕەفتاری زەق‌و ڕەق‌و بێ‌جێ‌و ، بەهانە خستنە دەست دوژمن بەوتارو هەڕەشەو گوڕەشەی بۆش‌و بێ کاکڵ ، هەرچەندە خوای کاربەجێمان پێمان دەفەرموێ : " ٠٠ وقُولُوا للنَّاسِ حُسْناً ٠٠ " البقرة ــ هەروەها فەرموویەتی : " ولاتَسُبُّوا الَّذين يَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللّهِ ٠٠ " الانعام ــ

١٣- سافیلکەیی‌و خۆشباوەڕی‌و متمانە کردن بەقسەو ماستاو کردن‌و گفت‌و بەڵێنی دوژمن‌و ئینسانی بێ‌دین‌و کافر، هەرچەندە خوای میهرەبان ئاگاداری کردووینەوە : " ٠٠ لايَرْقُبُون في مُؤْمِنٍ إِلاًّ ولا ذِمَّةً ٠٠ " التوبة ٠

١۴- خڕکردنەوەی خەڵك بۆ پێشمەرگایەتی بەشێوەی عەشایەری‌و زۆروبۆرو پشت گوێ خستنی لایەنی ئیمان‌و بڕواو ڕاددەی تێگەیشتن‌وساغ بوونەوەیان



www.alibapir.net

[redacted]

بۆ ئیسلامو پەروەردە کردنو بارهێنانیان ، هەرچەندە بنیاتی کاری ئیسلامی لەسەر کەمو پوختییەو خوای زاناش فەرموویەتی : " كَمْ مِنْ فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةً بِإِذْنِ اللَّهِ وَاللَّهُ مَعَ الصَّابِرِينَ " البقرة -

١٥- وەلە کۆتاییدا چەندهەڵەو کەمو کوڕییەکی گشتی تر ، وەك نەگونجاوی شوێنی سەرکردایەتی بۆ قوناغو بارودۆخی ئەمڕۆی ئێمەو ، پرژوبڵاویو لەیەکتر دووری بنکەو بارەگاکانمانو ، ئەمیەت وبایەخی پێویست نەدان بە سەرکردایەتی ج لە ڕووی چەكو تەقەمەنیو چ لە ڕووی هێزی ناسراوو تەجرەبەکراوو متمانە پێکراوەوەو ، نەزانینی بەکار هێنانو سوود لێ وەرگرتنی چەكو تەقەمەنی بەکارامەییو لێزانیو ••• هتد •

بەڵێ بەڕای بەندە ئەمانەبوون ئەوهەڵەو ناتەواوییە سەرەکییانەی کەبوونە هۆی تێشکانی ئەمجارەمان ، بەڵام بێگومان نابێ هیچکەس ئەوە لەم قسانەمان بفامێتەوە کەکوفری جیهانیو نۆکەری گوێلەمستیان " جەلال " و تاقمەکە ی بێدەور بوونو خەتایان نەبوو !! چونکە جارێ دوژمنایەتیکوفری جیهانی بەسەر کردایە تیو کوێخایەتی ئەمریکا دەربارەی ئیسلامو بێداری ئیسلامی شتێکی زۆر زەقو ئاشکرایەو، هەموو کەسیش دەزانێ کەجەلالو تاقمەکەی بەشەڕ فرۆشتنو بەگژداچوونی بزووتنەوەی ئیسلامی ویستیان زیاترو چاکتر دڵسوزیو گوێ لەمستی خۆیان پێشانی ڕۆژ ئاوابدەنو ئیقناعیان بکەن کەبۆ هەموو جۆرە خزمەتێکی ئەوان - هەتابەرلەوەی فەرمانیشیان پێ بکەن - دەست لەسەر سینگو ئامادەن •

بەڵام وەك پێشتریش گوتمان بۆیە داخ لەدڵیو دژایەتی کوفری جیهانیو گوێلەمستە دابەستەو وابەستەکانیمان بەهۆی " تێشکان " دانەنا چونکە یەکەم : لەدوژمنی کافر هەردوژمنایەتی چاوەڕێ دەکریو ، دووەم : ئەگەر ئێمە هەڵەو ناتەواوییەکانی خۆمان چارەسەر بکەین فێڵو پیلانو هەوڵی دوژمن زیانمان لێ نادات ، وەك خوای کاربەجێ فەرموویەتی : " وَإِنْ تَصْبِرُوا وَتَتَّقُوا لَا يَضُرُّكُمْ كَيْدُهُمْ شَيْئًا " : آل‌عمران -

ئێستاش با لەچەند خاڵێکدا هەر بەکورتی ئاماژە بەو دەرسوپەندانە بکەین کەلەو تاقی کردنەوە تاڵە ماندا دەبینرێن :

www.alibapir.net

## دەرسو پەندە گرنگەکانی تاقیکردنەوەی ئەمجارەمان

١ـ ئیمانی ڕاستەقینەو دامەزراو یەکەمینو گرنگترین هەنگاوی مسوڵمانەتییە چ لە ئاستی لێپرسراوێتیو چ لە ئاستی فەرمان بەرێتیدا ، کەواتە : هەرکەسێك بیەوێ لەڕێی ئیسلامدا هەنگاو هەڵێنێ دەبێ بەرلەهەر شتێك خەمی ئیمانو بیروباوەڕەکەی بخوات کەهەرچی زیاتر ڕەسەنو ڕاستەقینەو کامڵو دامەزراو بێت ، ئەگەرنا بەئیمانی کرچوکاڵو بیروباوەڕی لەرزۆكو ناتەواو هیـــــچ کارێکی ئیسلام مەیسەر نابێتو سەر ناگرێ ، بەتایبەتی کاری جیهـــــاد کەقورسترین کارە ، هەربۆیەش خوای کاربەجێ لەهەرجێیەك ویستبێتــــی فەرمـــانێك بەسەر مسوڵمانان دابدات بەناوی ئیمان بانگی کردون "ـ ـیاأَیُّهـا الَّذین آمَنُوا ٠٠ " پاشان پێی فەرموون وابکەنو وامەکەن !!

کەواتە : ئەگەر بویستری سەرکردەو براگەورە لەئاستی بەرپرسیارێتیدا بێتو ئەرکی سەرشانی خۆی چاك بۆ ئەنجام بدرێ دەبێ سەرەتا خەمـــــی ئیمانەکەی بخورێ وەدیسان ئەگەر بویستری سەربازو پێشمەرگەی ڕێكو پێـك گوێ ڕایەڵو فەرمانبەرمان هەبن ، دەبێ بەرلەهەرشتێك خەریکی دامەزراندنو مەحکەم کردنی ئیمانێکــی ڕاستەقینە بین لەدڵو مێشکیاندا ٠

دیارە مەبەست لەئیمانی ڕەسەنو ڕاستەقینەش ئەوئیمانو بیروباوەڕەیە کەقورئانی بەپێزو سوننەتی پێغەمبەری بەڕێز " صلی‌الله علیه وسلم "پێنا ـ سەیان کردوەو لەپێشینانی ساڵحماندا تەجەللای کردوەو زاناو پیشەوایانی ڕەسەنمان ڕوونیان کردۆتەوە ٠

٢ـ گرنگی دانو ئەهمیەت دانی زیاترو چاکتر بەپەروەردەکردنو بارهێنـــانو ڕاهێنان لەسەرخواپەرستیو خوو ڕەوشتە بەرزو پەسندەکانی ئیسلام کەئەمیش بەهۆی تێگەیشتنو هەزمــــــکردنی حەقیقەتەکانی ئیمانو تەفاعول کـــردن لەگەڵیاندا دێتەدی ، هەربۆیەش خوای کاربەجێ لەچەند شوێنێکی قورئانــــی مەزندافەرموویەتی : " یَتْلُوا عَلَیهِمْ آیاتِهِ ویُزَکّیهِم " واتە خوێندنەوەیئایەتەکانی خوای لەگەڵپەروەردەو گەشەکردن " تزکیة " دا باس کردوە ، چونکە هەتـــــا "ئیمـــان" نەبێ تەزکیە نایەتە دیو ، تەزکیەی ڕاستەقینەش دەبێ لەســـەر

www.alibapir.net

بنچینەی ئایەتەکانی خوا بنیات بنرێ ! بێگومان چاوەڕوان کردنی ئـــەدەبو ڕێزو گوێ ڕایەڵیو فەرمانبەری " السَّمْعُ وَالطَّاعة " و دڵسوزیو چالاکیو گورج و گۆڵی لە ڕاپەراندنی ئیشو کارداو خەت خوار نەکردنو خۆنەبواردنو٠٠هتدیش لەکەسانێکی پەروەردە نەکراوو نەخەملێنراوو بارنەهێنراو شتێکی بێجێوناماقوڵە ٠

٣ـ ئەودامو دەزگایانەی کەدادەنرێن بۆ جێبەجێکردنی ئیشو کارەکان، وەك دەزگای سیاسیو عەسکەریو ڕاگەیاندنو ڕێکخستنو داوەریو٠٠٠هتد پێویستـە حەقیقەتو نێوەڕۆکیان هەبێو بەکردەوە ئەرکی خۆیان ئەنجام بدەن، نەك هەر ناوی بێ نێوەڕۆكو درووشمو دیکۆری ڕواڵەتی بن !

٤ـ لەسەر بنچینەی ناسینو شارەزایی ئیشوکار بەخەڵکی بسپێررێو هەرکەسێك کارێکی پـــێ بسپێررێوکە شایستەیی ئەوکارەی هەبێو ، بەر لەوەی کـارە کەشی پێ بسپێردرێ کەشایستەی ئەو کارەی هەبێو، بەرلەوەی کارە کەشـی پێبسپێردرێ هەوڵی لەگەڵ بدرێ کەڕابهێندرێ و ئامادەبکرێ ، چونکە کابرا ی مەلە نەزان بخەیە نێو دەریا دەخنکێ !

٥ - پیاو بۆئیش پەیدا بکرێ نەك ئیش بۆ پیاو، واتە ئیشێکی واقیعـــیو ڕاستە قینەمان هەبێتو ئنجا بۆی بەدوا ی کەسێکی گونجادا بگەڕێیـــن، ٠ نەك پیاوێکی بێ ئیشو کارمان مەحتەل بێو بۆسەر گەرمکردنو دڵڕاگرتنی ئیشێکی یان هەر ناوی ئیشێکی بۆ بدۆزینەوە کەپێیەوە بخافڵێ،زەقترین نموونەش لەو بارەوە مەسەلەی مەکتەبی " دەعوەو ئیرشاد"ە کەسێچـــوار ئەندامی مـەکتەبی سیاسی بێ ئیش پیوە سەر گەرم کران ،بەڵام چونکە خۆیلە خۆیدا نەبوو هەرچەندە چەندقاتی مەکتەبی ڕێکخستن یـــــان هەرمەکتەبێکی تری تێدا خەرج کرا، کەچی نەئەوساو نەئێستاش هیچـــی لێ شین نەبۆوە ، بەتایبەتی لەو تاقی کرنەوەیەدا هەرهیچ نەبوو(١) !

٦ـ پشت بەستن بەکەمی پوختو ساغ نەك زۆری بۆرو بێ دەماغ !

٧ـ هەرکەسە سنووری کارو صەلاحیەتی بۆ دیاریبکرێ وپێداویستی یەکـــان " مستلزمات "ی کارەکەیشی بۆ دابین بکرێ ، هەرچەندە بەلای کەمیشیەوە بێت ، ئەگەر نا لەکاتی سنوور بەزاندنو خۆ گنخاندندا ڕێگای لۆمـــەو گلەییمان نابێ ٠

---

(١) - لەگەڵ ڕێزو تەقدیرمان دا بۆکەسانێك کەسەربەو دەزگایە بوونو وەك شەخسێك دەوری [illegible]

www.alibapir.net

٨- شەخسیەتی وەهمی و ناواقیعی لەسەر بناغەی عاتیفەو قسەو وتاری بـــێ کردار بۆ کەس دروست نەکەین و، هیچکەس زیادلەو ئەندازەیەی کەهەڵدەگرێ زل نەکەیـــن ، چونکە خەڵك زل کردن بەوشێوا زە ئاسانە بەڵام گچکـــە کردنەوەی زۆر زەحمەتە !

٩- لەبەر ئەوەی هەزار دۆست کەمەو دوژمنێك زۆرە ، بەقسەو ڕەفتاری نەرمو شیرینـی شەرعی خەڵکی بکەینە دۆست ، نەك بەوشەی بریندار کەرو زەق وڕەق خەڵکی برەنجێنین و دۆســتـا نیشمان بتۆرێنیـــن .

**١٠- بەشێوازی هەڵەو ناقولا ی قسەیی و کردەیی بەهانە نەخەینە دەستـــی** دوژمن و جەماوەریش لەخۆمان بەد بین و گوماناوی نەکەیـــن .

١١- مەسەلە تایبەتی‌یەکانی خۆمان لەشوێنە گشتی‌یەکان نەخەینە ڕوو، وەنەخشەی کاری داهاتوومان هەر بەپەنهانی بهێڵینەوەو زار بڵاوانە هەموو شتێـــــك نەدرکێنیـــــن !

١٢- لەسەر بنچینەی قسەو گفت و بەڵێنـی عاتیفی و سەر زارەکی پشت بـــە خەڵك نەبەستیـــن ، چونکە ئەوا هەیە حەجیشمان لەگەڵ دەکات و پاشانیش نەك هەر بنکەو بارەگا ماڵەکانیشمان تاڵان دەکات !!

١٣- سافیلکەیی و خۆش باوەڕنەبوون سەبارەت بەدوژمن و باوەڕ نەکردن بـــە سینگ هێنانە پێشیو کلکە سووتەو ماستاو کردنی ، چونکە دوژمنی بێ بڕواو لاڕێ وەك مشك وایە نانیش دەخوات و " ناندێن " یش دەدرێ !

١٤- خۆو خەڵك ناسین و لەخۆبایی نـەبوون و دوژمن بەکەم نەگرتن لەکاتـی هێمنی و ئاسایش دا .

١٥- وەلەکۆتاییدا : لەکاتی تەنگانەولێ قەومان دا دەروون نەبەزین و بێ‌هیوا نەبوون و ورە بەرنەدان و پشوو درێژی و دان بە خۆ داگرتن ، چونـــنـــکـە دوای تەنگـــــانە فەرحانی‌یەو پاش هەورازان نشێون !

ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە کەبچینە سەر بەشی سێیەمی ئەم ئاڵقەیەو تیشکێك بهاوێینە سەر تایبەتمەندی‌یەکانی ئەم قۆناغەمان :

www.alibapir.net

## بەشی سێیەم : تایبەتمەندی‌یەکانی ئەم قۆناغەمان

زانایان فەرموویانە : " الحُكْمُ عَلَىٰ شَيْءٍ فَرْعٌ مِنْ تَصَوُّرِهِ " بەڵێ‌بەبێ شارەزاییی‌و ئاگاداری لەبارەی شتێکەوە ناگونجێ هەڵس‌و کەوتێکی ڕاست‌و درو ستی لەگەڵ بکرێ، کەواتە پێویستە بەرلەوەی بچینە سەرباسی " ئەرکی سەرشانمان لەم قۆناغەدا " و " پێداویستی‌یەکانی ئەرک‌و کاری ئەم قۆناغەمان " کەبەشی چوارەم‌و پێنجەمی ئەم نامیلکەیەو " بيت القصيد " یشی لە چەند خاڵێکی کورت‌دا تیشکێك بها وێبینە سەرئەم قۆناغ‌و وا قیعەی ئێستامان‌و سیماو ماهیەتی بناسین :

**یەکەم: سیاسەتی گشتی دنیای ئەمڕۆ :**

لەسۆنگەی ئەوەوە کە کوێخاو دەمڕاستی دنیای ئەمڕۆ ڕۆژ ئاوایە بەسەرۆکایەتی ئەمریکاو ، ڕۆژئاواش خاوەنی شارستانەتی‌یەکی ماددی‌و بێ دینە کە لە شارستانەتی ڕۆمی پێشوو و ئیغریقی پێشووترەوە ئیلهامی گرتو ە ،سیاسەتی گشتی دنیای ئەمڕۆ لەسەر بنچینەی بەئاژەڵ تەماشا کردنی ئینسان‌و بەس بەماددی لەقەڵەم دانی ژیان بنیات نراوەوسەرلە - بەری زانست‌و تەکنۆلۆجیاو هەوڵ‌و توا نای ئینسان بەرەو دابین کردنی هەرچی زیاتری پێداویستی‌یە ما ددی‌یەکان‌و تێرردنی هەرچی زووترو چاکتری غەریزەو ئارەزووە جەستەیی‌یەکان خراوەتە گەڕو کەم‌و زۆر لە فەرهەنگی سیاسەت‌و حوکمی ئەمڕۆی ڕژێمەکانی دنیادا حیساب بۆ لایەنی مەعنەوی‌و ڕەوشت‌و ئامانجە بەرزەکانی ژیان‌و دوا ڕۆژ ... ناکرێ .

بەکورتی‌و بە کوردی :

سیاسەتی گشتی ئەمڕۆی زاڵ بەسەر دنیادا سیاسەتێکی ماددی دوورلە - خوایەو هەرچی‌زیاتر ئینسان تاو دەداوهەڵ دەپێچێ بۆڕابواردن و لەزە ت وەرگر تن‌و خۆشگوزەرانی بێ حەددوسنوور پالەسەر حیسابی لایەنی ڕووحی‌و جەوهەری مرۆ ڤایەتی‌و ئایین‌و ڕەوشت‌و چارەنووسی قیامەتیشی بێت ، وەهەموو هێزو وزە پەنهان‌و ئاشکراکانی ئینسان لەخزمەت گەدەو جەستە - یدا غولام‌و خزمەتکارن‌و ، سەنگی مەحەك و تەرازووی هەق‌و ناهەق‌و

www.alibapir.net

ڕاستو ناڕاستیشدا بەهێزیو بێهێزییە !!

دووەم : حاڵی جیهانی ئیسلامی :

جیهانی ئیسلامیو ئوممەتی ئیسلامی لەو پەڕییەوە هەتا ئەوپەڕیو لەسەرێوە هەتا خوارێ ، لەحاڵەتی کوڵینو جۆش خواردنو هەوڵو تەقەلالا دایەو بەکورتی لەگەرمە گەرمی ژانی لەدایک بوون " مخاض الولادة " دایە، دیارە لەکاردانەوەی ئەو بێداریو هاتنەوە سەرخۆو جمو جۆڵو چالاکییەی مسوڵمانانیشەوە کوفری جیهانی بەسەرکردەیی ئەمریکاکێچی کەوتۆتە کەوڵو سەبرو قەراری لێ بڕاوەو ، کەوتۆتە دژایەتیو فێڵو پلانی ئاشکراو پەنهان بۆ بەربەست دروست کردن لەبەردەم ئەو تۆفانو جۆشو خرۆشە ئیسلامییەدا ، چاوخشاندنێکیش بەکشمیروطاجیکستانو ئازەر بایجانو بۆسنەو هەرسکو فەلەسطینو میصرو سوودانو جەزائیرو کوردستانو تونسو لیبیاو .. هتد، بەسە بۆ زانینی ئەو ڕاستییە .

سێیەم : بارودۆخی گەلی کورد لە کوردستاندا :

گەلی ئێمەش کەیەکێکە لەگەلە ناودارەکانی ئوممەتی ئیسلامو ، نیشتیمانی ئێمە کەبەشێکە لە نیشتیمانی پانو پۆڕی ئیسلام ، سەرەڕای هاوبەشی کردنی لەحاڵەتی گشتی دنیای ئیسلامدا کەبریتییە لە بێداریو گەڕانەوە سەر خۆو خۆناسینەوە ، لەبارو دۆخێکی سیاسیو ئابووریو کۆمەلایەتی یەکجار سەختو دژواریشدا دەژیو لەگەڵ گەلێک ئاواتو هیوای شەرعیو ڕەوای خۆیو پیلانو نەخشەی شوومی دوژمنو ناحەزانیدا ڕوو بە ڕوویەو ئەگەر هەر چاوێکی نەکاتە چوار چاو دوژمنو ناحەزانی پیسو گڵاو تووشی چۆرتمێی دەکەنو بەتەڵەیەوە دەکەنو دەیخەنە داو!

چوارەم : بەشە کوردستانی سەر بە عێراق :

ئەم بەشەی کوردستان هەر لەزووەوە ڕۆڵێکی گرنگو بەرچاوی گێڕاوە لە خەباتی ڕزگاری خوازی گەلی کوردو دوژمنانی ئیسلامو کوردیش هەوڵیان داوە بیکەنە زەمینو تاقیگای زۆر لە پرۆژەو پیلانەکانیان ، ئێستاش لەهەموو کاتێک زیاتر ئەوهەولەیان خەست کردۆتەوەو



www.alibapir.net

بەردەوام کاری خۆیان دەکەن‌و ، بە پڕوپاگەندەو چاوو ڕاویش خەڵکەکە دەخا ئڵێنن‌و دەیانەوێ فریویان بـــدەن ·

پێنجەم : بارزانـی‌و پارتـی‌و جەلال‌و یەکیەتی :

دیارترین شەخس کەهەتا ئێستا لەو بەشەی کوردستان لەبـــواری خەباتی ڕزگاری خوازی‌دا گەورەترین دەوری ئیجابی بووە مەلامستەفـای بارزانی‌یە خوا لێی ببورێ ، وەحیزبەکەیەتی کە پارتی دیموکـــراتی کوردستانە ، وەبەپێچەوانەوە بەزەڕ ترین کەس لەوبەشەی کوردستـانو لەو بوارەدا " جەلال طاڵەبانی " بووە ، کەهەمیشە مالەو میکرۆبــی خیانەت‌و وابەستەیی‌و ڕاڕایی‌و ئەملاو لا کردن‌و شەڕی کورد کوژی‌و بـلاو کردنەوەی بیری بێ بڕوایی‌و فەساد بووە ،ئێستاش ئێمە لەگەڵ برادەرانی پارتی‌ی پەیڕەوانی خەتی بارزانی‌دا دۆستایەتی‌و نیزیکی‌یەکی قـــووڵ‌و پتەومان هەیەو ، لەگەڵ جەلال‌و تاقمەکەشی‌دا حەوت کێومان لەبەینی‌دان ! بەڵام بەس جەلال‌و دارو دەستە ئا لقەلەگوێ‌و گوێ لەمستەکەی،نـــەك هەمرو " یەکیەتی " چونکە لەنێو یەکیەتی‌دا خەڵکی مسوڵمان‌و کـــوردو ڕەسەنی وا هەیە کدلەڕەفتاری جەلال‌و تاقمەکەی بێزارە ·

شەشەم : وردە حیزبەکانی‌تر :

دیارە جگەلەپارتی‌ویەکیەتی لەو بەشەی کوردستان‌دا وردە حیـــزب‌و تاقمی تریش هەن کەنەك ساڵانەو مانگانە بگرە ڕۆژانەو هەفتـــانە پەیدا دەبن‌و دەپوکێنەوەو سەرهەڵدەدەن ولەبەین دەچن !بەڵام ئەوانـــە ئێستا دەورێکی وایان نیەو حیسابێکی ئەوتۆیان لەسەرناکرێ ·

حەوتەم : حاڵـەتـی ئیسلامـی‌و تەوژومـەکانـی :

حاڵەتی ئیسلامی لەوبەشەی‌کوردستان‌دا هاوڕێ لەگەڵ حاڵەتی گشتـــی دنیای ئیسلام‌دا ڕوو بە گەشە کردن‌و فراوان بوون‌و گەیشتن‌و کامڵ بوونە ، ئەو تەوژمانەش کەبوونیان هەیەو کەمو زۆر دەوری کاریگەریان هەیەئەمانەن :

١ـ بزووتنەوەی ئیسلامی : کەوەك پێشتریش گوتمان پێشەنـــگ‌و سەرقافڵەی کارو حاڵەتی ئیسلامی‌یە لە کوردستان‌دا ·

www.alibapir.net

ب ـ برایانی موسڵمان "الأخوان المسلمون"[1]: کەماوەیەکی زۆر بوو بەپێی ئیجتیهادی هەندێك لە لێپرسراوانمیان کارو چالاکی خۆیان وەستاندبوو، بەڵام الحمدللــه ئێستا ئەوانیش خەریکی جموجۆڵ و کارن، ئەوەندە هەیە کاری ئەوان زیاتر کارێکی جوزئیی و شەخسییەو لە جوغزی پەروەردە کردنی تاك و خێزان بەدەر نیەو، لەم ڕووەوە زۆر وەك کاری ئەهلی طەریقەت و سەلەفییەکان دەچێ، کەئەوانیش هەریەکە خەریکی خزمەتکردنی بەشێکی ئیسلامن و کارەکەیان جوزئیی و شەخسییەو بەرنامەو نەخشەیەکی هە مە لایەنەو بەرفراوانیان نیە بۆکارو جموجۆڵیــــان، هەڵبەتە قوتابخانەی برایان "مدرسة الأخوان" هە تائێستا لەنێوجموجۆڵ و تەوژمە ئیسلامییەکانــی ئەم سەدەیەدا لەبواری تێگەیشتن لە ئیسلامدا شوێنێکی دیارو بەرچاوو تایبەتی هەیە، بەڵام لێــرەدا مەبەستمان هەڵوێستی کرەیی یانە.

ج ـ سەلەفییەکان[2] کەئەمیان هەتا ڕاددەیەك تەوژمێکی تازەیە لــە کوردستاندا، ئەمانیش زیاتر خەریکی کارو چالاکین لە بواری عەقیدەی ئیسلامی و دژایەتی کردن و نەهێشتنی شتی داهێنراو "بدعة" وئەفسانە ـدا، بەڵام کۆششەکەیان بەرهەمی چاکی کەمترە چونکە لەڕووی شێوازو لێزانیندا زۆربەیان ساواو ناکارامەن، پێشتریش کوتمان کەکارەکەیان زیاتر شەخسییەو بەرنامەو نەخشەیەکی هەمەلایەنەو هاوسەنگیان نیە لەگەڵ ڕێبزمان بۆ هەر کۆششێکی ئیسلامی.

د ـ ئەهلی طەریقەت[3]: کەبەصۆفیی و دەروێش ناسراون، سەربارى ئەوەی

---

(۱) و (۲) و (۳): (لەبارە لەسەر بنچینەی بەسی برواداران بران "انّمــــا المؤ منون إخوة" ئێمەو کۆمەڵی "برایان و" و"سەلەفییەکان" و"صۆفییەکـــان" بمانسەوێ و نەمانەوێ برایین و هەقی برایەتیشمان بەسەر یەکەوە هەیـــەو، جیاوازیشمان لەچەند بیروبۆچوون و هەلوێستێك دا کەلە ئیجتیهادەوە هەڵدەقوڵێ، ڕێگای برایەتیمان لێ ناگرێ و نابێتە پەرچ و کۆسپی هاوکاری و دەستبار بۆیەکتر گرتنمان لەوشتانەدا کەلەسەریان ڕێك دەکەوین و یەکرەنگین، وەدڵنیاشیـــن کەدوای ئەوەی هەمووماتن زیاتر نێ دەگەین و چاکتر پێ دەگەین لەیەك قالــب و بۆتەی کار کردن دا دادەڕژێین و ئاوێتە دەبین، پێشینانیش کوتوویانە "هەمـــوو ڕێیەکان دەچنەوە بانە" وەکوتوویانە: "هەموو ئاوەکان لەکەنداو "خلیج" کۆدەبنەوە"



www.alibapir.net

کەلەپووی شارەزایی لە قورئانو سوننەتو شەرعدا مەگەر بەدەگمەن دەنا کۆڵەوارنو ، گەلێك جار گیرۆدەی شیركوبیدعەتو ئەفسانەش دەبن، کارەکەشیان لەجوغزی شەخسیو مەعنەویدا کورت هەڵاتووەو لەلایەنەکانی تری ئیسلامدا بەزۆری نەشارەزان، ئەگەر نا ئەوبوارەی کەئەوان کاری تێدا دەکەن واتە لایەنی مەعنەویو تەزکیە ، یەکێکە لە لایەنە گرنگو بنچینەییەکانی ئیسلام •

ئەمانە تەوژمە ئیسلامییە سەرەکییەکانی نێو کوردستانن،

کەخوا یاربێ لەئاڵقەیەکی سەربەخۆی ئەم زنجیرەیەدا بەناوی : "برایەتی مسوڵمانان" زیاتر لەو بارەیانەوە دەدوێینو چۆنیەتی هەڵسو کەوتکردنی راستو شەرعیانە لەگەڵیاندا دەخەینە روو •

هەشتەم: بزووتنەوەی ئیسلامی :

بزووتنەوەی ئیسلامی ئێستا براگەورەو سەر قافڵەی کاروانی حاڵەتی ئیسلامییە لە کوردستانداو ، پارسەنگی بەولاو لادا کەوتنی هەڵوێستی ئیسلامییە ، دیارە " بزووتنەوە " هەتا ئێستا هەم لەبواری ئیسلامەتیوهەم لە بواری نەتەوایەتیدا رۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە کوردستاندا و، مایەی خێروخۆشیو بەرەو پێش چوونی گەلی کوردو سومعەو ناو چاك بوونی بووە لە دنیادا بەگشتیو دنیای ئیسلامدا بەتایبەتی ، وە بە بۆچوونی بەندە " بزووتنەوە" لەم قۆناغەدا کەوتوتە سەر " دووڕیان "ێك کە ناچارە یەکێك لەدوو "ڕێ" یان هەڵبژێرێ :

نۆیەم: بزووتنەوە لە نێوان خۆگۆڕینو دووبارەکردنەوەی هەڵەکانیدا :

وەك لە بەشی دووەمدا ڕوونمان کردەوە " بزووتنەوەی ئیسلامی لەگەڵ کاریگەریو دەوری چاكو گرنگی لە کوردستاندا چەند هەڵەو ناتەواوییەکی هەبوون ،کەوێڕای دوژمنایەتی بەکرێگیراوانی کوفر چارەنووسی بزووتنەوەیان بەو تاقی کردنەوە تفتو تاڵە گەیاند کەدیتمانو چێژتمان !

جابەڕای بەندە ئێستا بزووتنەوەی ئیسلامی کەوتۆتەسەر

www.alibapir.net

" دووڕیان " یێك کەیەکێك لە دوو " ڕێ " یان هەڵبژێرێ ؛ یان بەخۆ داهاتنەوەو خۆ بژار کردن و خۆ گۆڕین ، یان خوا نەخواستە دوو پات بوونەوەی تاقی کردنەوە تاڵەکان بەهۆی بەردەوام بوون لەسەر هەڵەو ناتەواوی و کەم و کوڕییەکانی :

شایانی باسیشە کە مەبەستی ئەسڵی نووسینی ئەم باسەش ڕوون کردنەوەو پێشنیار کردنی ئەو بەرنامەو شێوازەیە کەدەبێ بزووتنەوە بۆ خۆ چاککردن و بەرەو پێش چوون و گەشە کردنی ڕەچاوی بکات ، ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە بچینە سەر بەشی چوارەمی ئەم ئاڵقەیەو بزانین ئەرك و کاری ئەم قۆناغەی ئێمەی پەیڕەوانی بزووتنەوەی ئیسلامی بەتایبەتی و ئیسلامییانی کوردستان بەگشتی چییە ؟!

****************************

*************
********

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www.alibapir.net

## بەشی چوارەم : ئەرکی سەرشانمان لەم قۆناغەدا

خوێنەری بەڕێزو خۆشەویست !

ئێستا دواى ئەوەی لەبەشی یەکەمی ئەمباسە " چاو گێڕانەوەیەك بە ڕابردوو" دا تا ڕاددەیەك بەسەر گوزشتەی بزووتنەوەی ئیسلامی ئاشنا بووین ، وەلەبەشی دووەم " تاقی کردنەوەی تاڵی ئەمجارەمان ، هۆو پەند " دا پەیمان بە هۆکارەکانی " شکست "و ئەو دەرس و پەندانەی لێی وەردەگیرێن برد ، وەلەبەشی سێیەم "تایبەتمە - ندی یەکانی ئەم قۆناغەمان " دا ئەندازەیەك حاڵی بووین لەم قۆناغێکدا دەژین و ئەو واقیعەی کەتێیدایین چۆنەو کێ و کێی تێدایەو چۆنن؟! لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین ئەرکی سەرشانمان لەم قۆناغەدا بخەینە ڕوو .

بەندە پێی وایە ئەرکی سەرشانی ئێمەی ئیسلامی -بزووتنەوەو غەیری بزووتنەوە -لەم قۆناغ و بارو دۆخەدا لەسێ (٣) خاڵاندا خۆی دەنوێنێ :

١- بەرپرسیاری هەرکامێکمان دەربارەی "خۆی" ، " گەشەپێدانی بڕواوپارێز" .
٢- بەرپرسیاری تێکڕامان دەربارەی "خۆمان" ، " پتەو کردنی برایەتی وڕیز" .
٣- بەرپرسیاریمان دەربارەی "خەڵك " ، " چاکەکاری و ئامادەکردنی هێز" .

جائێستا بەکورتی و گوشراوی دەربارەی هەرکام لەمسێ بەرپرسیارێتی یە کەئەرکی سەرشانمان لەم قۆناغەدا پێك دێنن ، دەدوێین :

**(١)-بەرپرسیاری لە ئاقار "خۆ"دا، گەشەپێدانی ئیمان و تەقوا :**

بوونە " دۆستی خوا " بەرزترین و پیرۆزترین پلەو ئامانجە کەئینسان لە ژیانی دنیای دا پێی بگات و وەدەستی بێنێ، چونکە ئینسان کەبوو بەدۆستی خوای پەروەردگار -جَلَّ جَلالُه -لەخەمی دنیاو قیامەت دەرەخسێ و بەمرادو مەنزڵی دەگەیەنێ و دەیخاتە نێو ڕووناکی یەوە لە تاریکی یەکان دەری دێنێ:((اللّٰهُ وَلِيُّ الَّذين آمَنُوا يُخْرِجُهُمْ مِنَ الظُّلُماتِ

www.alibapir.net

الـــىْ الـــنّور" البقرة ـ نەك هەر ئەوە بەڵكو دۆستـــی ڕاستەقینـــەی خواتەنانەت " ئیبلیس " یش كە پیسترینو سەر سەختترین دوژمنـــی ئینسانە ناتوانیٚ هیچ جۆرە زیانێكی پیٚ بگەیەنیٚو زەفەری پیٚ بـــەریٚ وەك خوای میهرەبانمان فەرموویەتی : " ٠٠إنَّ عبادي لَيْسَ لَـــكَ عَلَيْهِمْ سُلْطانٌ٠٠ " الاسراء ـ

جا ئایا ئینسان چۆنو بەچ شێوەیەك دەتوانیٚ بگاتە پلەو پایەی " دۆستی خوا بوون " ؟! ئەوە خوای بەبەزەییو بەخشەر ڕوونـــــی كردۆتەوەو فەرموویەتی : " أَلا إِنَّ أولياءَ اللّهِ لاخَوْفٌ عَلَيْهِمْ ولاهُـــمْ يَحْزَنُون ٠ الَّذِيْنَ آمَنُوا وكانُوا يَتَّقُون" یونس ـ واتە : ئاگادار بن بێگومان **دۆستانی خوا ترسو پەژارەیان نیە ، ئەوانەی بڕوایان هێناوو پارێزیان** دەكرد ، وەك دەبینین خوای كار بەجیٚو زانا پێناسەیٚ دۆستانی خـــۆی بەوە دەكات كەئیمانداراو پارێزكارن ، كەواتە بەئەندازەی ئەوە كـــە ئینسان دەبێتە خاوەنی ئیمانو خاوەنی تەقوا دەشبێتە دۆستو نیزیكی خواجا چ كەم چ زۆر ٠

جا ئێستا بۆئەوەی چاكتربزانین دۆستانی خوا كەبڕوا داروپارێـــز ـ كارانـــن كێنو چۆنن ؟ باپێناسەیەكی كورتی هەركام لە " ئیمان " و " تەقوا " بكـــەین :

ئیمـــان " بـڕوا" لەڕووی حەقیقەت ماهیەتەوە بریتیە لـــــە بەڕاست زانینو دان پێداهێنانی خوایەتی خواو پێغەمبەرایـەتـــــی موحەممەد صلی الله علیه وسلم و هەرچی كەئەوان فەرموویانەو پێیان ڕاگەیاندوو ن ، جادیارە هەركەسێكیش خواو پێغەمبەرو بەرنامەكەیـــان بەڕاست بزانیٚو دانی پێدا بنیٚ ، كەمو زۆر ڕەفتارو پابەندیشـــــی تێدا پەیدا دەبێت بەو بەرنامەو پەیڕەوەوە كە ئەوان فەرموویانــــەو دیاریان كردووە ، هەربۆیەش پێغەمبەرمان صلى الله عليه وسلـــم فەرموویەتی : " ذاقَ طَعْمَ الأيمانِ مَنْ رَضيَ باللّهِ رَبّاً وبالأسلام دينـاً وبمحمد رسولاً "هەروەها بۆیەش زانایانی ئیسلام لە پێناسەی ئیماندا

www.alibapir.net

فەرموویانە : ( الأيمانُ هوالتَّصديْقُ بِالجِنانِ والأِقرارُ باللِّسانِ والعَمَلُ بالأركان ) .

بەڵام ئیمان لەڕووی پێکهاتنییەوە لەشەش بەشان پێك دێ کە بریتیین لە بڕوا هێنان بەخواو فریشتەکانیو کتێبەکانیو پێغەمبەرەکانیو ڕۆژی دواییو قەزاوقەدەر ، وەك لە فەرموودەی پێغەمبەردا صلی الله علیە وسلم هاتوە .

تەقوا ( پارێزکاری ) یش بریتییە لە پارێزکردنو وریاییو خۆ پاراستن لەهەر شتێك کەخواو پێغەمبەری خوا پێیان ناخۆش بێت ، جا چ چواندنو فەرامۆش‌کردنی شتێکی پێویستو پەسند بێ ، چ کردنی شتێکی قەدەغەو ناپەسند ، وە چ زیادە ڕۆیی کردن بێ لە شتێکی‌موباح‌دا .

ئنجا شتێکی ڕوونیشە کە ئینسان دوو جۆرە هێزو وزەی پێ‌دراون ، یەکەم : هێزێکی تیۆری " قوة نظرية " کە لە عەقڵو دڵو زمانی‌دا خۆی دەنوێنێ ، واتە : بیرکردنەوەو هەستو سۆزو دەربڕین ، دووەم : هێزێکی کردەیی " قوة عملية " کە لە جمو جۆڵو چالاکی ئەندامەکانی‌دا خۆی دەنوێنێ ، دیارە ئیمان زیاتر پەیوەندی بەهێزی تیۆری مرۆڤەوە هەیەو تەقواش‌زیاتربەهێزی‌کردەییەوە پەیوەستە ، لەمەوە دەگەینە ئەو ئەنجامە کە دۆستی خوا ( وَلِيُّ اللّه ) کەسێکە کە هەرچی زیاترو چاکتر بەهێزی تیۆری خۆی بەرنامەی خوای‌قبوڵ کردوەو هەزم کردوە ، وەبە - هێزی کردەییش پێیەوە پابەندەو ڕەفتاری پێ دەکات ، بەواتایەکی دی ، دۆستی خوا ئەوکەسەیە کە دەرو دەروون " ظاهرو باطن "ی‌بۆخوا ساغو یەکلا بۆتەوەو نەمێشكو دڵو زمانیو نەئەندامە ڕواڵەتی‌یەکانی هیچ جۆرە ژەنگو خڵتەیەکی سەرپێچیو لادانیان پێوە نەماوە .

مادام وابێ :

ئەرکی سەرشانی یەك یەکی ئێمەی موسڵمانو ئیسلامی ئەوەیە کەبە هەموو توانایەکمانەوە لەهەوڵو کۆششی ئەوە دابین کەهەرچی زیاترو چاکتر ئیمانو بڕواو عەقیدەکەمان گەشە پێ بدەینو خزمەتی بکەین هەتا

www.alibapir.net

تەوا و تەواو قووڵ دەبێتەوەو مەحکەم دەبێ و دادەمەزرێ و هەموو سـووچ و قوژبنەکانی ڕووح و بەدەنمان دادەگرێ ، وەهەوڵ بدەین و کۆشش بکەیـن کەهەرچی زیاتر بەپلە بەرزەکانی تەقوادا سەرکەوین و بەرز بینەوە هەتا دەگەینە ئاستێکی وا تەواو تەواو بەسەر خۆمان‌دا زاڵ دەبین و جڵـەوی نەفس و ئارەزووەکانی بەدەستی شەرع و عەقڵ دەگرین و وامان لێ دێ کـە ئیبلیسی پیس و نەگریس و طاغوت و فیرعەون و ئەبوو جەهلانی خەسیس نەتوانن تۆسقاڵێك کارمان تێ بکەن و زەفەرمان پێ بەرن ، لەهەر بوارێك لە بوارەکانی ژیان و گوزەرانی ماددی و مەعنەوی و تاکی کۆمەڵایەتیمان‌دا .

بەڵام ئایا ڕێگاو پێداویستی‌یەکانی وەدەست هێنانی ئەو جـۆرە ئیمان و تەقوایە چی‌یەو چۆنن ؟ ئەوە لە بەشی پێنجەمی ئەم باسـەدا ڕوونی دەکەینەوە - ان شاءاللـــە - .

(٢) - بەر پرسیاریمان لە ئاقار (خۆمان) دا بەبرایەتی و یەکبوون :

دوای ئەوەی کەسایەتی هەرکامێکمان بەئیمان دەمەیێ و ، قـوڕی سرووشتی تاك تاکمان وەك خشتی سوور لەقاڵبی پیرۆزی تەقـوادا دادەڕێژرێ ، ئامادەو شایستەی ئەوە دەبین کەوەك دەنکەکانی بەنکە تەسبیحێك بەدەزووی برایەتی‌یەوە بکرێین و ، وەك چینی دیوارێکـی مەحکەم پێکەوە جۆش بدرێین .

- بەڵێ :

ئەگەر بێت و هەرکامێکمان ئەرکی سەرشانی بەرامبەر بە (خۆی) چـاك جێ بە جێ بکات و ، ئیمان و تەقوایەکەی گەشە پێ بدات ، زۆر بەسێنایی دەتوانین بەر پرسیاریشمان بەرانبەر بە ( خۆمان ) جێ بە جێ بکەین و برایەتی‌یەکی تێرو تەواوو یەکبوونێکی پتەوو دامەزراو لەنێو خۆمان‌دا بێنینە دی ، چونکە ( ئیمان ) بناغەی برایەتی ڕاستە قینەیەو ، وەك خـوای زاناو پەنهان بیـن فەرموویەتی : (إِنَّما الْمُؤْمِنونَ إِخْوَة ..) الحجرات - وەهەوێنی یەکگرتن و یەکبوونیش پارێزکاری‌یە وەك خوای میهرەبـان فەرموویەتی : ( فَاتَّقوا اللَّهَ وَأَصلِحوا ذاتَ بَيْنِكُمْ ..) الانفال . وەك دەبینین

www.alibapir.net

لە ئایەتی پێشوودا برایەتی لە بڕواداراندا کورت هەڵدێنێ و لە سایەی ئیمانەکەیانەوە مۆری ( برایەتی ) بەنێوچاوانی هەموویانەوە دەچەسپێنێ و، لەم ئایەتەش دا دوای فەرمان کردن بەتەقوا پێمان دەفەرموێ : پەیوەندی و نێوانتان چاك بکەن ، تاکو ئێمان بکەینێ کە لەسۆنگەی پارێزکاری یەوە دڵەکانمان پێکەوە جۆش دەخۆن و پێکەوە چاك و پاك دەبیـــــــن !!

هەڵبەتە حەقیقەتی برایەتی ( أُخُوَّة ) یش ئەوەیە کە خۆشـــی و ناخۆشی و قازانج ز زیانی براو خوشکانی بڕوادارمان وەك ئی خۆمـــان بزانین و ، هەروەك چۆن بۆخۆمان خێرو چاکەما ن حەز لێیەو ڕقمـــان لە خراپەو ناخۆشی یە بۆ بڕوادارانیش هەروابین ، پێغەمبەری خـــوا " صلی الله علیه وسلم " لەوبارەوە فەرموویەتی : ( لایُؤْمِـــنُ أَحَدُكُمْ حَتّٰى يُحِبَّ لِأَخِيهِ ما يُحِبُّ لِنَفْسِهِ ) متفق علیه .

هەر وەها حەقیقەت و جەوهەری یەکبوون ( وحدة ) یش ئەوەیە کـــە هەرکامێك لە مسوڵمانان لەکۆمەڵدا بتوێتەوەو (من ) ایەتی (انانیة ) ی نەمێنێ و لەپێناو قازانج و بەرژەوەندی گشتی دا بەرژەوەندی خۆی وەلا بنێ و پێی لـــێنـــێ .

هەڵبەتە ئێمە لەبەشی پێنجەمی ئەم باسەدا ڕێگاو پێداویستی یەکانی پتەوکردنی برایەتی و مەحکەم کردنی یەکبوون دەخەینەڕوو ، بۆیە لێرە باسی ناکەین ، بەڵام بە پێویستی دەزانم لێرەدا ئاماژە بۆدوو ڕاستیی گرنگ بکەم کەزۆرکەس لێیان بێ ئاگایە !

یەکەم : هەروەك چۆن بڕوادار بوون و پارێزکار بوون فەرزو پێویستن و بەنەبوونیان مسوڵمانەتی نایەتەدی ، برایەتی و یەکبوونیش بەهەمـــان شێوە فەرزو پێویستن و نەبوونیـــان دەبێتە هۆی نەهێشتنی یان لانـــی کـــەم بەرەو نەمان بردنی دینداری و مسوڵمانەتی ، بەڵگەشمان بـــۆ سەلماندنی ئەم ڕاستی یە دەقەکانی ئایین و واقیعی ژیانە ، خوای کـــار بەجێ فەرموویەتی : ( وَلاتَكُونُوا مِنَ المُشْرِكِينَ مِنَ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُـــوا شِيَعاً ، كُلُّ حِزْبٍ بِما لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ) الروم - هەروەها فەرموویەتی :



www.alibapir.net

( إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وكَانُوا شِيَعاً لَسْتَ مِنْهُمْ في شَيءٍ ...) - الأنعام -، ئەگەر سەرنجی واقیعی ژین و مێژووی مسوڵمانانیش بدەین دەبینین زۆر جاران لەسایەی نەگبەت و شوومی دووبەرەکی و دابڕ دابڕ بوونەوە مسوڵمانەتی فەوتاوە و حوکم و هەیبەتی ئیسلام نەماوە، بۆ وێنە چارەنووسی مسوڵمانانی ئەندەلووس و سەرەنجامی دەوڵەتی عەبباسی و عوسمانی تەماشا بکە !!

**دووەم** : مەبەست لە ( خۆمان ) جوغزێکی تەسك نیە کە بەس جێگای شەش حەوت مسوڵمانی تێدا ببێتەوە، بەڵکو مەبەست ئەوپازنە فراوانە ئیسلامی‌یەیە کە هەموو مسوڵمانێکی ڕەسەنی تێدا کۆدەبێتەوە، بەڵام ئێمە کە ئێستا مەیدانی کارمان کوردستانە و لەوێدا دەجوڵێین و بۆ مسوڵمانانی کورد دەدوێین، بەناچاری ڕووی قسەمان بەس دەکەینە ئیسلامی‌یەکانی‌کوردستان بۆ ئەوەی هەڵوێستەکەمان واقیعی‌یانە بێت و شتێکی خەیاڵی نەبێت !

**(٣)- بەر پر سیاریمان دەربارەی خەڵك ؛ چاکەکاری و ئامادەکردنی‌هێز :**

پاش ئەوەی لەسەر بنچینەی ئیمان برایەتی‌یەکی ئیسلامی‌یانە دادەمەزرێنین و لە سۆنگەی تەقواو پارێزەوە یەکبوون ( وحدة ) ێکی ڕاستەقینە دەخەملێنین، شایستەیی ئەوەش پەیدا دەکەین کەئەرکی بەر پرسیاریمان بەرانبەر خەڵکیش بەجێ بێنین، دیارە مەبەستیشمان لەخەڵك هەموو ئەو کەسانەن کەلەگەڵیان دەژین و لەگەڵیاندا کۆمەڵگایەك پێك دێنین، جا چ کۆمەڵگایەکی گچکەو نەتەوەیی، چ ناوچەیی، چ کۆمەڵگایەکی فراوانی وا کە هەموومرۆڤایەتی و خەڵکی سەر زەوی بگرێتەوە .

بۆیەش بەندە پێی وایە ئەرکی سەرشانی ئیسلامی‌یەکان لە بەرانبەر خەڵکی‌دا لە چاکەکاری ( الأحسان ) و ئامادە کردنی هێز ( إعدادُ القُوَّة ) دا کورت هەڵدێ، چونکە لەلایەکەوە ئیسلام کەبەرنامەی خوایە بۆ سەر جەمی مرۆڤایەتی، بەس بۆ بەختەوەر کردنی ئینسان و دابین

www.alibapir.net

کردنی خێرو خۆشیو بەرژەوەندییە تاکیو کۆمەڵیو مەعنەویو ماددیەکانی لە دنیاو قیامەتدا هاتوە، هەر بۆیەش خوای کاربەجێو بەبەزەیی سەروەری پێغەمبەران موحەممەدی کوڕی عبداللە" صلی اللە علیه وسلم"ی بەبەزەیی خۆی بۆ هەموو جیهانیان لە قەڵەم داوە، ( وما أرسلناكَ إلاّ رحمةً لِلْعالَمِيْن) الأنبياء -

بەڵام لە سۆنگەی ئەوەوە کە چەم بێ چەقەڵ نابێو کۆمەڵگا بێ چەتەو ڕێگرو چەپەڵ نابێ، خوای کار بەجێ وێڕای فەرمانکردنی پەیتا پەیتای بە چاکە کردنو چاکە کاریو خزمەت گوزاری ( وقولوا لِلنّاسِ حُسْناً ) البقرة -و (وأَحسنوا إنَّ اللَّه يُحِبُّ المُحْسنين) البقرة -(إنَّ اللّهَ مَعَ الّذيْنَ اتَّقوا والّذين هم مُحْسِنون ) النحل -، بەڵێ وێڕای ئەمە فەرمانیشی پێ کردووین کە هێزو دەسەڵات ئامادە بکەینو لەکاتی پێویستدا خۆمان فیدا بکەین، ( .. وأعِدّوا لَهُمْ ما اسْتَطَعْتُمْ من قُوَّة ..) الانفال- ( وقاتِلوا في سَبِيْلِ اللهِ ) البقرة-

وەلەلایەکی دیکەشەوە هەموو دەمێ ( خەڵك ) لەئاقار بەرنامەو کۆمەڵی خوادا دووبەشن :

١- بڕوادارو شوێن کەوتوو یان بێ بڕواو هێمنو ئارام دانیشتووو سەر کزکردوو، ٢- دوژمنو لارێو سەنگەر گرتوو، دیارە بەشی یەکەمیان بە مسوڵمانو نامسوڵمانەوە پێویستە چاکەیان لەگەڵ بکرێ بەمەعنای فراوانی وشەی چاکە (احسان)، بەڵام بەشی دووەمیان کەبەرچو کۆسپی سەر ڕێگای تاقەهۆی بەختیاریو سەر فرازی بەندەکانی خوان کە ئیسلامە، پێویستە بژار بکرێنو هەڵبوێژرێنو بنە بڕ بکرێن، دیارە ئەمەش بەبێ هێزو دەسەڵات مەیسەر نابێت، بۆیە خوای کار بەجێو میهرەبان لەپێناو بەختەوەر کردنی ئینسانەکانو لە ئینسان وەشاندنەوەی ژبانو گەندەڵ نەبوونی سەرزەویو تاڵ نەبوونی گوزەرانندا فەرمانی بەبڕواداران کردووە کە هەرچی هێزێك دەستیان دەیگاتێ ئامادەی بکەن تا ببێتە مایەی تۆقاندنی دوژمنانی خواو



www.alibapir.net

خۆیانو خەڵکی (٠٠ تُرْهِبونَ به عدوّاللّهِ وعَدُوَّكُمْ٠٠) ، وەفەرمانیـــان پێ دەکات کە جیهادێکی بەرزو پیرۆزی وا بەرپا بکەن ببێتە مایـــەی ڕازی بوونی خواو ڕزگار بوونی خـەڵکی ( ومالَكُمْ لاتُقاتِلون في سبيلِ اللّهِ وا لمُستَضْعَفيـنَ ٠٠) النساء ـ، وەپێی ڕاگەیاندوون کە لـــە سایەی جیهادو هەبوونی هێزو دەسەڵاتی مسوڵمانان‌دا نەبێ هــەم هەموو پەرستگاکان دەڕووخێـن : (٠٠ ولَوْلا دَفْعُ اللّهِ النّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَهُدِّمَتْ صَوامِعُ وبِيَعٌ وَصَلَواتٌ وَمَساجِدُ يُذْكَرُ فيهااسمُ اللّهِ كثيراً ٠٠) الحج ـ وەهەم سەرلەبەری زەویش تێك دەچێو گەندەڵ دەبێ : (٠٠ ولولا دَفْعُ اللّهِ النّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لفَسَدَتِ الأرضُ ولكنَّ اللّهَ ذوفَضْلٍ عَلَى العالمين ) البقرة ـ بەڵێ جیها دی ئیسلامیو هەبوونی هێز بەدەست مسوڵمانانەوە چاکەو نیعمەتی خوایە نەك هەربۆبرواداران بەڵکو بــــۆ تێکڕای خەڵکی دنیاش ، هەربۆیەش خوای کاربەجێ لەکۆتایی ئـــەم ئایەتەی سوورەتی ( البقرة )دا دەفەرموێ : ( ولكنَّ اللّهَ ذو فَضْـــلٍ عَلـى العالمين ) !!

شایانی باسیشە کە مەبەستمان لە چاکەکردن لەگەڵ خەڵکیدا هەموو جۆرو شێوەکانی چاکەو خزمەتو هەر شتێکە کە سوودو کەڵکـــی دنیاییو قیامەتی خەڵکی تێدا بێ ، کەواتە چ بانگەواز ( الدعوة ) و فێرکردنو ( والتعليم ) و پەروەردە کردنیانو ، چ فەرمان بە چاکـــەو ڕێگرتن لە خراپە ( الأمرُ بالمَعْروفِ والنَّهيُ عَنِ المُنْكَر ) لەنێویان‌داو، چ دەستگرۆییو ماڵ پێ بەخشینیانو ، چ بەرگری لێ کردنو پارێزگاری لێ کردنیانو جەنگ کردن لەگەڵ دوژمنو ناحەزانی ستەمکارو خـــۆ سەپێنیان‌داو ، تەنانەت ئامۆژگاری کردنو بەزەیی پێداهاتنەوەو پەرۆش بوونیانو خۆشویستنو خەفەت بۆ خواردنو دوعا بۆکردنیشیان ٠٠٠ ئەمانە هەموویان چاکەکاریو خزمەتگوزارین کەدەبێ لەگەڵ چینو توێژەکانـــی خەڵكو کۆمەڵگادا ئەنجام بدرێن ، ئەگەر بمانەوێ خەسڵەتی بەرزی چاکەکاری لەخۆمان‌دا بێنینە دی ، دیارە بەم واتا فراوانەی چاکەکـــاری

www.alibapir.net

( احسان ) یش ئامادە کردنی هێزو جیهادیش هەر دەچنەوە جوغزی چاکە کاریو هەر جۆرێکن لە چاکە کردن ، بەڵام بێگومان واڵاترینو بەرزترین جۆرنی ، چونکە ئەسڵی چاکەکاری بەخشین ( عطاء ) ەو بەخشینی گیان ( روح ) یش مەزنترینو پیرۆزترین جۆری بەخشینە، چونکە بەخشینی گەورەترین شتە ، شاعیریش لەوبارەوە ڕاستی گوتوە کەدەڵێ : ( والبَذْلُ بالنَّفْسِ مِنْ أُفْضَلِ الجُودِ ) .

بەڵام ئایا شێوەو چۆنیەتی چاکەکاری لەگەڵ خەڵکو پارێزگاری خەڵك چیەو چۆنە ؟ ئەوە لەبەشی پێنجەمدا دەیتوێژینەوە ئەگەر خوا ویستبی .

ئیدی ئێودو بەشی پێنجەم و کۆتایی :

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net



www.alibapir.net

## بەشی پێنجەم: پێداویستییەکانی بەجێهێنانی ئەرکی سەرشانمان

خوێنەری بەڕێزو شیرین :

دوای ئەوەی لە بەشی چوارەمدا زانیمان ئەرکی گرنگو سەرەکی سەرشانمان لەم قۆناغەدا چییە ! کەوەك گوتمان لە ، ( گەشە پێدانی بڕواو پارێزو ، قووڵ کردنەوەی برایەتیو پتەو کردنی ڕیزو ، چاکە لەگەڵ خەڵك کردنو ئامادە کردنی هێز ) دا خۆی دەنوێنێ ، ئێستا لەم بەشەدا وەك پێشتریش گفتمان دابوو-خوا پشتیوان بێ - شێوەو چونیەتی جێ بەجێ کردنی ئەو ئەرکە گرنگ و مەزنانەو پێداویستییەکانیان ڕوون دەکەینەوە .

**1- چۆنیەتیو پێداویستییەکانی گەشەپێدانی ئیمانو تەقوا :**

**أ- ئیمان :**

بۆ دامەزراندنو گەشە کردنو کامڵ بوونی ئیمان لە قورئانی بە پێزو سوننەتی پێغەمبەری بەڕێزدا صلى الله عليه رسلم چەند هۆکار ( عامل )ێك دەست نیشان کراون کە ئەمانە گرنگترینیانن :

یەك : سەرنج دانو تێوە ڕامانو بیرکردنەوە لە خۆمانو دیاردەو دیمەنە سروشتی یەکانی بوونەوەرو دەورو بەر ، خوای زانا لەو بارەوە فەرمووبەتی - : ( إِنَّ في خَلْقِ السَّمٰوات والأرض وَاخْتِلافِ اللَّيل والنَّهار ومَاأَنْزَلَ اللَّهُ مِنَ السَّماءِ مِنْ ماءٍ فَأَحْيا بِهِ الأرضَ بَعْدَ مَوْتِها وَبَثَّ فِيْها من كُلِّ دابَّةٍ وتَصْرِيفِ الرِّياحِ وَالسَّحابِ المُسَخَّرِ بَيْنَ السَّماءِ وَالأَرْضِ لَآياتٍ لِقَومٍ يَعْقِلونَ ) البقرة - هەر وەها فەرموویەتی : ( قُلِ انْظُروا ماذا فِي السَّمٰواتِ والأَرض .. ) یونس - وەفەرموویەتی : ( .. وَيَتَفكَّرون في خَلْقِ السَّمٰوات والأرضِ : رَبَّنا ماخَلَقْتَ هٰذا باطلاً سُبْحانَكَ .. ) آل عمران -

دوو : یادی خواکردن لەهەموو حاڵێکدا ، خوای بەبەزەیی لەوبارەوە فەرموویەتی : ( إِنَّ في خَلْقِ السَّمٰواتِ وَالأَرْضِ وَاخْتِلافِ اللَّيْلِ والنَّهار



www.alibapir.net

لآياتٍ لأولي الألْباب ِ الّذين يَذْكرونَ اللّهَ قِياماً وقُعوداً وعَلى جُنُوبِهِمْ ..)
آل عمران ـ

سىّ : خوێندنەوەو بەسەردا خوێندرانەوەی ئایەتەکانی قورئان ، وەك خوای بەرزو مەزن فەرموویەتی : ( إنّما المُؤمنون الّذين إذا ذُكِرَاللّهُ وَجلَتْ قُلُوبُهُمْ واذا تُلِيَتْ عَلَيهمْ آياتُه زادَتْهُمْ إيماناً ... ) الانفـال ـ

چوار : جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی خوا لەهەر بارێکەوە بەبێباکی و بەچالاکی ، خوای زانا لەوبارەوە فەرموویەتی : ( الّذين اسْتَجابُوا للّهِ والرَّسول مِنْ بَعْدِ مااَصابَهُمُ القَرْحُ لِلّذينَ أحْسَنُوا مِنْهُمْ واتّقوا أجْرٌ عَظِيمٌ • الّذين قال لَهُمُ النّاسُ إنَّ النّاسَ قَدْ جَمَعوا لَكُمْ فاخْشَوْهُمْ فَزادَهُمْ إيماناً وقالوا حَسْبُنا اللّهُ ونِعْمَ الوَكيلُ ) آلعمران ـ

پێنج :کردو کۆش و ڕەنجدان و هەوڵدان لە پێناوی خوادا ، وەك خوای بەخشندە فەرموویەتی : ( والّذين جاهَدُوا فِيْنا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنا وإنَّ اللّه لَمَعَ المُحْسِنين ) العنكبوت ـ

شەش : خوێندنەوەو ئاگادار بوون لەبەسەرهات و داستانی پێغەمبەرانی خوا صلّى اللّهُ عَلَيهِمْ وسَلَّم و شوێن کەوتنیان ، خوای پەروەردگار لەوبارەوە فەرموویەتی : ( وكُلّاً نَقُصُّ عَلَيْكَ مِنْ أنباءِ الرُّسُلِ ما نُثَبِّتُ بِهِ فُؤادَكَ .. ) هود ـ

حەوت : لەهەموو شتێك زیاتر خۆشویستنی خواو پێغەمبەرەکەی صلى الله عليه وسلم و خۆشویستنی خەڵکی مسوڵمان و بوغزاندنی خەڵکی نامسوڵمان و لارێ لەبەر خاتری خوا، پێغەمبەر صلى اللەعلیه وسلم لەو بارەوە فەرموویەتی : ( ثَلاثٌ مَنْ كُنَّ فيه وَجَدَ حَلاوَةَ الأيمان: أنْ يكونَ اللّهُ و رَسولُهُ أحَبَّ إلَيْهِ مِمّا سِواهُما ، وأنْ يُحِبَّ المَرْءَ لايُحِبُّهُ إلّا لِلّهِ ، وان يَكْرَهَ أنْ يَعُودَ في الكُفْرِ كَما يَكْرَهُ أنْ يُقْذَفَ في النّـار ) متفق عليـه •

هەروەها فەرموویەتی : ( مَنْ أحَبَّ لِلّهِ وأبْغَضَ لِلّهِ وأعْطى لِلّهِ ومَنَع لِلّهِ فَقَدْ اسْتَكْمَلَ الأيمانَ ) رواه ابوداود •



www.alibapir.net

بەکورتیو بەکوردی ; ئینسانی مسوڵمان هەتا بەعەقڵو دڵو زمانو ئەندامەکانی زیاترو چاکتر لەخزمەت ناووسیفەتە بەرزەکانی خوادابێت کە لە کتێبی بینراوی بوونەوەرو کتێبی خوێندراوەی قورئاندادرەوشانەوە، وەهەتا زیاتر لەخزمەت فەرمانەکانی خوادابێتو پابەندو ملکەچیان بێتو ، هەتا لەسەرپێچیو تاوان دوورتر بێتو لەخۆی وریاتر بێت ، ڕۆژ بۆ ڕۆژی ئیمانەکەی زیاتر دەچەسپێو چاکتر گەشە دەکاتو بەرەو کامڵ بوون دەچێ .

ب ـ تەقوا :

یەك : یەکەمینو گرنگترینو کاریگەر ترین هۆ بۆ پەیدابوونو زیاد بوونو خەمڵینی خەسڵەتی تەقواو هەموو خەسڵەتێکی بەرزو پەسند کەلەڕاستیدا تەقوا هەموویان کۆدەکاتە وە ، بریتیە لە ئیمانی تەواو ، چونکە ئیمان واتە لەخوا نیزیك بوون ، بێگومان مرۆڤیش بە ئەندازەی نیزیکی لە خوا لەهەموو سیفەتێکی بەرزو چاك نیزیك دەبێت ، خوای بەرزو مەزن لەو بارەوە فەرموویەتی : ( .. واتَّقُوااللّٰهَ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِيْنَ ) المائدة ـ هەروەها فەرموویەتی : ( والَّذِينَ اهْتَدَوْا زَادَهُمْ هُدىً وَآتاهُمْ تَقْواهُمْ ) محمد ـ

دوو : خوا پەرستیو بەندایەتی بۆخوا کردن ، خوای بەخشەر لەو بارەوە فەرموویەتی : ( يا أَيُّهاالنّاسُ اعْبُدوا رَبَّكُمُ الّذي خَلَقَكُمْ والَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُوْنَ ) البقرة ـ

وەخوای کار بەجێ بەتایبەت دەربارەی ڕۆژوو گرتن فەرموویەتی ـ : ( يا أَيُّهاالّذين آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيامُ كما كُتِبَ عَلىٰ الّذين مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُوْنَ ) البقرة ) ـ

سێ : گرتنی ڕاستە شەقامی خواو خۆ پاراستن لە کوێرە ڕێو ڕێچکە ـ کان ، وەك خوای دادگەر فەرموویەتی : ( وَأَنَّ هٰذا صِراطي مُسْتَقِيماً فَاتَّبِعوهُ ولاتَتَّبِعوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَنْ سَبِيْلِهِ ذالِكُمْ وَصّاكُمْ بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُوْنَ ) الأنعام ـ



www.alibapir.net

چوار : بێگومان تەقوا بریتی‌یە لە حاڵەتێکی بێداری‌و وریایی‌و ئاگــا لەخۆبوون ، کەواتە هەرجۆرە لادان‌و خراپەو تاوانێك بە پێچەوانــەی تەقوا دەژ مێرری‌و دیارە هەر خراپەو هەڵەیەك خاڵێکی ڕەش‌و ژەنگو ژارێك لەسەر دڵ پەیدا دەکات(١)، جاپێغەمبەری خوا صلی الله علیــه وسلم دووشتی پێشان داوین بۆسپی‌و ساف کردنەوەی دڵ‌و لابردنــی چڵك‌و ژەنگ و ژارێك کەلەسەری پەیدا بووە ، فەرموویەتی : ( إِنَّ هٰذِهِ القُلوبَ تَصْدأُ كما يَصْدَأُ الحَدِيْدُ ، قالوا : وماجِلاؤُها يا رَسولَ اللّـهِ ؟! قال : تِلاوَةُ القرآنِ وذِكْرُ المَوْتِ ) .

٢- هۆو پێداویستی‌یەکانی پتە و بوونی برایەتی‌و یەکبـــــوون :

أ- برایەتی ( الأُخُوَّة ) : (٢)

وەك پێشتر بـاسمان کرد برایەتی بەینی مسوڵمانان بەرهەمــی سروشتی‌و حەتمــی ئیمان‌و عەقیدەکەیانەو براداران مادام برواداربن ناچارن‌و ناتوانن پێکەوە برا نەبن ، بەڵام ئێمە لێرەدا ئەو هۆکارانــە دەخەینە ڕوو کە ئیسلام دیاری‌کردوون بۆ پتەو بوون‌و بەهێز بوونــی برایەتی و پێشان کۆمەڵێك لەو نەخۆشی‌و پەرچ‌و کۆسپانە باس دەکەین کەزیان لە برایەتی دەدەن‌و بێ هێزی دەکەن‌و لەبەینی دەبەن :

هۆکارەکانی پتەوبوون‌و بەهێزبوونی برایەتی :

یەك : دۆستایەتی‌و پشتگیری یەکتر کردن بەمەعنای وشە،خوای‌دەستەڵات

---

(١)- پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لەو بارەوە فەرموویەتی : ( انّ المؤمن اذا أذنَبَ ذنباً كانت في قلبِهِ نُكتة سَوْداءَ ، فانْ تابَ ونَزَعَ واستغفرَ صَقلَ قلبه وان زادَ زادتْ حَتّىٰ تَعْلوَ قلبَهُ ، فذالــكَ الرانُ الذي قال الله تعالي : ( كَلّا بَلْ رانَ علىٰ قلوبهم ماكانــوا يكسبُون ) المطففين - ١۴ قال الترمذي هذا حديث حسن صحيح .

(٢)- خوا پشتیوان بێ لە ئاڵقەیەکی سەر بەخۆی ئەم زنجیرەیەدا باسی ( برایەتی مسوڵمانان ) دەکەین ، بۆیە لێرەدا هەروا بەکورتی‌و گوشراوی دەدوێین .



www.alibapir.net

دار لەو بارەوە فەرموویەتی : ( والمُؤمنونَ والمُؤمِناتُ بَعْضُهُمْ أولياءُ بَعْضٍ ٠٠) التوبة - پێغەمبەریشمان فەرموویەتی : ( المُؤمِنُ لِلْمُؤمِنِ كَالبُنْيانِ يَشُدُّ بَعْضُهُ بَعْضاً ٠٠) رواه البخاری ومسلم ٠

دوو : یەکتر خۆشویستن لەبەر خاتری خوا، خوای کار بەجێ لە فەرموودەی قودسیدا لەو بارەوە فەرموویەتی : ( وَجَبَتْ مَحَبَّتي لِلْمُتَحابِّيْنَ فِيَّ ) رواه مالك باسناد صحيح، پێغەمبەری خواش فەرموویەتی ( لايُؤمِنُ أَحَدُكُمْ حَتّى يُحِبَّ لِأَخِيْهِ مايُحِبُّ لِنَفْسِهِ ) متفق عليه ٠

سێ : بەزەیی بەیەکتر داهاتنەوەو پەرۆشی یەکتر بوون، خوای بەبەزەیی فەرموویەتی : ( مُحَمَّدٌ رَسولُ اللّهِ والَّذين مَعَهُ أشِدّاءُ عَلى الكُفّارِ رُحَماءُ بَيْنَهُمْ ٠٠) الفتح - پێغەمبەریشمان فەرموویەتی : ( مَنْ أَصْبَحَ لايَهْتَمُّ لِلْمُسْلِمينَ فَلَيْسَ مِنْهُمْ )

چوار : لەگەڵ یەکتردا نەرمو نیان بوونو سینگ فراوان بوون، خوای لێبوردە فەرموویەتی : ( ياأيُّها الَّذينَ آمنوا مَنْ يَرْتَدَّ مِنْكُمْ عَنْ دِيْنِهِ فَسَوْفَ يأتي اللّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ أذِلَّةٍ عَلى المُؤْمِنِيْنَ ٠٠) المائدة -

پێنج : هاوکاری یەکتر کردنو دەستبار بۆ یەکترگرتن لەسەر چاکەو پارێز کاری ، خوای مەزن فەرموویەتی : (٠٠ وتَعاوَنُوا عَلى البِرِّ والتَّقوى ٠) المائدة - پێغەمبەریشمان " صلى الله عليه وسلم " فەرموویەتی : ( مَنْ كانَ في حاجَةِ أخِيْهِ كانَ اللّهُ فيْ حاجتِهِ ٠٠) متفق عليه ٠

شەش : ئامۆژگاری یەکتر کردنو یەکتر راسپاردن بە شوێن کەوتنی هەقو خۆراگری لە سەری ، وەك خوای هەق فەرموویەتی : ( والعَصْرِ إنَّ الأنسانَ لَفيْ خُسْرٍ الاّالَّذيْنَ آمنوا وَعَمِلوا الصّالِحاتِ وَتَواصَوْا بِالحَقِّ وتَواصَوْا بالصَّبْرِ) العصر- پێغەمبەری خواش عليه أفضل الصّلوات وأتم التسليمات فەرموویەتی : (الدِّيْنُ : النَّصيحةُ ٠٠) رواه مسلم ٠

حەوت : بەجێ هێنانی هەقی برایەتی لەگەڵ یەکتر لەرەفتارو هەڵسو کەوت دا ، کەلەچەندان فەرموودەی ( صحيح )دا ئاماژەیان پێ کراوەو



www.alibapir.net

ئەمانە هەندێکیانـــــن :

أ ـ سەلام لە یەکتر کردن‌و وەڵام دانەوەی سەلام بەشێوەیەکی چاکتر •

ب ـ سەرو ڕووخۆش بوون لەگەڵ یەکترو نێوچاوان لە یەکتر گرژنەکردن •

ج ـ تۆقە لەگەڵ یەکتردا کردن‌و هەندێک جار لەبەر یەکتر هەستان‌و پێشوازی لەیەکتر کردن •

د ـ هەڵبژاردنی چاکترین وشەی تەعبیر لەقسە کردنی گەڵ یەکتـــرداو خۆپاراستن لەوشەو تەعبیری ناڕێك •

هـ ـ هاموشۆو سەردانی یەکتر کردن بەتایبەتی لە کاتی نەخۆشی‌وناڕەحەتی یەك دا •

و ـ سەرەخۆشی‌و دڵدانەوەی یەکتر لەکاتی بەڵاو گرفتاری‌یەك‌دا، وەخەم‌و خەفەت ڕەواندنەوە لە دڵی یەکترداو حەل کردنی گیرۆ گرفت‌وکردنەوەی گرێ کوێرەی دڵی یەکتـــــر •

ز ـ خۆشحاڵی‌و شادی دەربڕین‌و پیرۆز بایی لە یەکتر کردن لە کاتـــی پەیدابوونی نیعمەت‌و لە بۆنە ( مناسبة ) کانـــی خۆشی‌و سەر کەوتـــن‌و شادی‌دا ، وەك جەژن‌و زەماوەندو گەڕانەوە لە غەزاو •• هتد •

ح ـ مشوور خواردنی شۆردن‌و نوێژ لەسەر کردنی دوای مردنی‌و کفـــن کردنی و شوێن کەوتنی جەنازەکەی‌و ناشتنی •

ط ـ کەردن ئازاد کردنی‌و لێبوردنی پاش مردنی‌و دوعای خێروچاکە بۆکردنی •

ی ـ چاودێری کردنی ماڵ‌و منداڵ‌و کەس‌و کاری‌و یارمەتی دانیان لە هـــەر بارێکەوە بە پێی تواناو بۆلوان •

بەڵێ ئەمانە هۆکارە گرنگەکانی بەهێزو پێز بوونی برایەتیـــــن لە نێوان مسوڵمانان‌دا ، بەڵام بەبێ خۆ پاراستن لە چەند خەسڵـــەت‌و هەڵوێست‌و ڕەفتارێکی ناقۆڵاو خراپ کەبەڕاستی بە میکرۆب‌و نەخـــۆشی دادەنرێن . ناتوانرێ برایەتی‌یەکی دامەزراوو تەواو فەراهەم بێ، کە ئەمانە سەرەکی‌یە کانیانـــــن :



www.alibapir.net

### ئەوشتانەی دەبنە هۆی لاوازکردن‌و نەهێشتنی برایەتی :

یەك و دوو و سێ و چوار و پێنج و شەش : گاڵتە پێ کردن‌و عەیب گرتن‌و ناوو ناتۆرە هەڵدان‌و گومانی بەد بردن‌و جاسووسی کردن‌و پاشملە بە خراپە باسکردن ، خوای میهرەبان لەو بارەوە فەرموویەتی : ( ـ یاأَیُّها الَّذِیْنَ آمَنُوا لایَسْخَرْ قَوْمٌ مِنْ قَومٍ عَسَىٰ أَنْ یَکونُوا خَیْراً مِنهُمْ ولانِساءٌ مِنْ نِساءٍ عَسَىٰ أَنْ یکُنَّ خَیْراً مِنهُنَّ ، ولاتَلْمِزوا أنفُسکم ولاتَنابَزُوا بالألقابِ ، بِئسَ الإسمُ الفُسوقُ بَعْدَ الأیمانِ وَمَنْ لَمْ یَتُبْ فأُولٰئِكَ هُمُ الظّالِمونَ . یاأَیُّها الَّذِینَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا کَثیراً مِنَ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ ولاتَجَسَّسوا ولایَغْتَبْ بَعْضُکُم بَعْضاً أَیُحِبُّ أَحَدُکُمْ أَنْ یَأْکُلَ لَحْمَ أَخیهِ مَیْتاً فَکَرِهْتُموهُ وَاتَّقُوا اللّٰهَ إِنَّ اللّٰهَ تَوّابٌ رَّحِیْمٌ ) الحجرات ـ

حەوت و هەشت : ستەم کردن‌و پشت بەردان لە تەنگانەدا ، پێغەمبەری خوا " صلی اللە علیە وسلم " لەو بارەوە فەرموویەتی : ( المُسْلِمُ أَخو المُسْلِمِ لایَظْلِمُهُ وَلایَخْذُلُهُ .. ) رواە مسلم . واتە : مسوڵمان برای مسوڵمانە نەبۆخۆی ستەمی لێ دەکات ، نەدەهێڵێ ستەمی لێ بکرێ و لەتەنگانەدا پشتی بەرنادات .

نۆ : دەنگ لێ وەرگرتن‌و قسەلەگەڵ نەکردن لە سێ(٣) ڕۆژان زیاتر ، پێغەمبەرمان " محمد " صلی اللە علیە وسلم " لەوبارەوە فەرموویەتی : ( لایَحِلُّ لِرَجُلٍ أَنْ یَهْجُرَ أَخاهُ فَوْقَ ثَلاثِ لَیالٍ ... ) متفق علیە .

دە : بەسووك سەیرکردن‌و بەکەمگرتن ، پێغەمبەری پێشەوامان " صلی اللە علیە وسلم " لەوبارەوە فەرموویەتی : ( بِحَسْبِ أمرئٍ مِنَ الشَّرِّ أَنْ یَحْقِرَ أَخاهُ المُسْلِمَ ) رواە مسلم .

یازدە و دوازدە و سیزدە : حەسوودی بەیەکتر بردن‌و یەکتر بوغزاندن‌و پشت لە یەکتر کردن ، پێغەمبەری خوا " صلی اللە علیە وسلم" لەو بارەوە فەرموویەتی : ( ... ولاتَحاسَدُوا ولاتَباغَضُوا ولاتَدابَرُوا .. ) متفق علیـــــە .

www.alibapir.net

چواردە : جنێودان و قسەی ناشیرین، پێغەمبەر "صلى الله عليه وسلم" لەو بارەوە فەرموویەتی : ( سِبابُ الْمُسْلِمِ فُسُوقٌ .. ) متفق عليه .

ب - یەکبوون ( الوحدة ) :

هەروەك چۆن برایەتی و تەبایی مسوڵمانان لە ئیمانەکەیانەوە هەڵدەقوڵێ، یەکبوون و یەکگرتنیشیان وەك پێشتریش گوتمان هەر لە ئیمان و عەقیدەکەیانەوە پەیدا دەبێ و پلشان بەهۆی پارێزکارییانەوە پتەووبەهێزو پێزدەبێ . بەڵام بێگومان سەرەڕای ئەوەش چەندهۆکارێك هەن، یان چاکتر بڵێین چەندوەسیلەو پێداویستییەك بۆ زیاتربەهێزو پێز بوونی یەکیەتی مسوڵمانان و پێکەوە جۆش دران و لەیەك بەسترانیان کەئەمانە گرنگو سەرەکییەکانیانن ، بەڵام دەیانکەینە دوو بەش :

بەشی یەکەم : یەکبوونی مسوڵمانان لە بەرنامە ( مَنْهَج ) ی کاردا :

أ- یەکبیری و یەکبوون لە تێگەیشتن دا ( وحدة الفكر والفهم ) : ( لِكُلٍّ جَعَلْنا مِنكُمْ شِرْعَةً ومِنْهاجاً ) ، مەبەستمان لەیەکبیری و هەموونی یەك جۆرە تێگەیشتن ئەوەیە کە ئەو کۆمەڵە مسوڵمانەی دەیانەوێ لە بازنەیەك دا پێکەوە کۆببنەوەو بەیەکەوە لە مەیدانێك دا کاربکەن حەتمەن دەبێ لەهێڵە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی تێگەیشتنیان لە ئیسلام و جۆری کارکردنیان دا بۆی ڕێك بکەون و یەك بگرن تاکو لە نەوەی ڕێگادا تووشی تێك گیران و مشت و مڕو لێك دابڕان نەبن ، جا ئێمە سوپاس بۆخوا ئاڵقەی چوارەمی ( پرۆژەی : بەرنامەی پەروەردەو فێرکردنی ئیسلامیانە ) مان بەناوی " تێگەیشتن " ( الفهم ) بۆ توێژینەوەی ئەم مەسەلەیە تەرخان کردووە .

ب - یەکبوون لە بیرو باوەڕ ( عقيدة ) دا : ( كُلٌّ آمَنَ بِاللّهِ وَمَلائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ ) ، ئەمیش بنەمایەکی دیکەی گرنگو مەزنی یەکبوونی هەر کۆمەڵە مسوڵمانێکە کە دەیانەوێ شەریعەتی ئیسلامی لەسەر سنچینەی بیرو باوەڕی ئیسلامی لە کۆمەڵەکەیان دا بچەسپێنن ، وە سوپاس بۆ خوای میهرەبان کە ئاڵقەی سێیەمی پرۆژەی ناو براودا

www.alibapir.net

تا ڕاددەیەك بە ئێرو تەسەلی مەسەلەی: ( بیرو باوەڕ" العقیدة" مان نوێژیوەتەوە ٠

ج- یەكبوون لە ئامانج ( هدف )دا: ( ٠٠أَنْ أَقِيمُواالدِّيْنَ ولاَتَتَفَرَّقُوافِيْهِ )

( ئامانج ) ئەو شتەیە كە ئینسان كردوویەتی بە لوتكەی هیوای كردو كۆشی لە دنیادا، دیارە كۆمەڵێك بیانەوێ پێكەوە بن و بەیەكدەستی كار بكەن، حەتمەن دەبێ لە " ئامانج "و ئەو نوختەیەدا كەلەكۆتایی كارەكەیان دا ڕەچاویان كردوە هەوڵی وەدەست هێنانی دەدەن و بەرەو ڕووی دەڕۆن ، یەك بن و هەموویان بەبێ جیاوازی لەسەری كۆ ( جمع ) بن ، دیارە ئێمە ئەم مەسەلەیەشمان لە ئاڵقەی یازدەیەمی پرۆژەی ناوبراودا ڕوون كردۆتەوەو هەر بە كورتیش دەڵێین: ئامانج و هیوای ئینسانی مسوڵمان و كۆمەڵی خوا لە دنیادا چەسپاندنی حوكم و بەرنامەی خوایە ٠

د- یەكبوون لە مەبەست ( غایة ) دا: ( يَبْتَغُوَنَ فَضْلاً مِنَ اللَّهِ وَرِضْواناً )

مەبەست (غایة ) یش ئەو ئاوات و هیوایەیە كە ئینسانی مسوڵمان كردوویەتی بە نیشانەی دووری خۆی و بەتەمایە لە دوارۆژدا پێی بگات و وەدەستی بێنێ ، ( ٠٠يَبْتَغُونَ فَضْلاًمِنَ اللَّهِ وَرِضْواناً ) الفتح- یەكبوون و كۆبوونەوە لەسەر یەك مەبەستیش كە دیارە تاقە ( مەبەست )ی ڕاست و تەواویش لە ژیانی ئینسانی مسوڵمان و كۆمەڵی مسوڵمان دا بریتییە لە گەیشتن بە ڕەزامەندی و پاداشتی نەبڕاوەی خوا كە لە بەهەشتدا خۆی دەنوێنێ ٠

شایانی باسە كە ئەم مەسەلەیەش ئاڵقەی دوازدەیەم و كۆتایی ( پرۆژەی : بەرنامەی پەروەردەو فێركردنی ئیسلامییانە )ی بۆ تەرخان كراوە ٠

<u>بەشی دووەم</u> : یەكبوونی مسوڵمانان لە كار(عمل)دا :

بەڕای بەندە هەروەك چۆن یەكبوونی مسوڵمانان لە بەرنامە ( منهج )دا بەلای كەمەوە دەبێ لە ( تێگەیشتن و بیرو باوەڕو ئامانج و

www.alibapir.net

مەبەست )دا کۆ ببنەوەو یەك بن ، بۆ یەکبوونیشیان لە کارو چالاکـــــیو بەڕێوە چوونیان‌دا بەلای کەمەوە ئەم چوار بنچینەیە پێویستن کە لەسەریان کۆببنەوەو یەك بگرن :

أ - بنچینەی ڕاوێژ ( قاعدة الشورى ):

چونکە لە ڕووی شەرعی‌یەوە " ڕاوێژ " گەورەترین بنچینـــــــەی حوکمڕانیو بەڕێوە چوونە لە ژیانی کۆمەڵی مسوڵمانو کۆمەڵگاو دەوڵەتی ئیسلامی‌دا ، وەك خوای کار بەجێ فەرمووبەتی :( وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ ٠٠) الشورى - وەلەڕووی عەقڵیو واقیعیشەوە بەدیلی ڕاوێژ بەس تاکڕەویو دیکتاتۆریەتو خۆ سەپاندنە ، ئەمەش دەبێتە هۆی بێ بەش ( محروم ) بوون لە بیرو ڕاو لێکدانەوەو عەقڵی کۆمەڵو ، دیارە تاکە کەسیش هەرکەسێکی بێ عەقڵی بە تەنیا بەشی هەموو شتێك هەر ناکات .

ب - بنچینەی مەرکەزیبیەت ( قاعدة المركزية ) :

هەرچەندە بە ڕواڵەت هەبوونی چەقو مەرکەزێك کە مسوڵمانانـــــی لەسەر کۆببنەوەو هەبوونی برا گەورەو پێش ڕەوێك کە کۆمەڵی مسوڵمانا ن دەست بخەنە نێو دەستیو لە پشتیەوە بڕۆن لە ڕووی ڕیز (ترتیب )ەوەلە پێش هەموو شتێکەوەیە ، بەڵام من بۆیە مەسەلەی ( ڕاوێژ )م پێش خست ، چونکە مەرکەزیبیەتی ڕاستو شەرعی تەنیا کاتێك لە نێو مسوڵمانان‌دادەگونجێ پەیدا بێت ، کە لەسەر بنچینەی ڕاوێژ ئەو کارە ئەنجام درابێو ئەوبـــرا گەورەو مشوور خۆرە هەڵبژێررابێ .

خوای دادگەریش دەربارەی ئەم‌مەسەلەیەو پێویست بوونی لەســــەر مسوڵمانان لەزۆر جێگای قورئانی‌دا شتی فەرمووە بۆ وێنە :( ياأيُّها الذِّينَ آمنوا أطيعوااللّه وأطيعوا الرّسولَ‌وأولِي الأمر منكم ٠٠) النساء -

هەروەها فەرموودەی پێغەمبەری خواش "صلى‌الله عليهِ وسلم " لـــەو بارەوە زۆرن بۆ وێنە :( إِذا خَرَجَ ثَلاثَةٌ في سَفَرٍ فَلْيُؤَمِّروا أَحَدَهُمْ ) رواه‌ابو داود .

ج - بنچینەی کار پێ سپێردران بەپێی پسپۆڕی ( قاعدةُ إسنادِ العَمَـــل



www.alibapir.net

حَسْبَ التَخَصُّصِ ) :

هەروەك چۆن هەبوونی هەرکام لە ڕاوێژو مەرکەزییەت پێویستن بۆ پەیدابوونو بەهێز بوونی یەکبوون لەنێومسوڵمانان‌دا دابەش کرانـــی ئیش‌و کارەکانیش بەگوێرەی تواناو شارەزایی‌و شایستەیی‌و لێهاتوویـــی بۆ ئەنجام دانی کارەکان بنچینەیەکی یەکجار گرنگ‌و کاریگەرەو بەبێ ئەوە نەکارەکە پیت‌و پێزی تێدا دەبێ‌و بەڕێوە دەچێ‌و نە ئەندامانـــی ئەو کۆمەڵەش دڵیان بە کارەکەیان خۆش دەبێ ، وە لەڕاستی‌دا بەسپاردنی کارێك بە غەیری ئەهلی خۆی هەم ستەم لە کارەکە دەکرێ‌و هـــەم ستەمیش لەو کەسەش کە پێی سپێرراوە هەر بۆیەش پێغەمبـــەری پێشەوامان صلی الله علیه وسلم " فەرموویەتی : ( أَنْزِلُوا النَّاسَ مَنازِلَهُمْ) رواه ابوداود . هەروەها بۆیە پێغەمبەری پێشەوا "صلی الله علیه وسلم" فەرموویەتی : ( إِذا وُسِّدَ الأَمْرُ إِلى غَيْرِأَهْلِهِ فَانْتَظِرِ السَّاعَةَ ) رواه البخاري .

د- بنچینەی بەڕێوە بردنی کاروبار لەڕێی دام‌و دەزگاکانەوە : (قاعدة إِدارةِ الشُّؤُونِ عَنْ طَرِيقِ المُؤَسَّسات ) :

مەبەست لەم بنچینەیەش ئەوەیە کەهەر ئیش‌و کارێك لە کـــارە گرنگ‌و سەرەکی‌یەکان چەند کەسێکی شارەزاو پسپۆری بۆ تەرخان بکرێن کە تێیدا کارابن‌و لێی بزانن ، چونکە پێغەمبەری خوا "صلی الله علیه وسلم" فەرموویەتی : ( إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ إِذا عَمِلَ أَحَدُكُمْ عَمَـــلاً أَنْ يُتْقِنَهُ . ).

دیارە کار هەڵسووڕاندن لەڕێی دەزگاکانەوە بەبێ بنچینەی پێشوو مەیسەر نابێ‌و هەردووکیان پێکەوە گرێدراوو پەیوەستن ، وە لە ڕاستی‌دا هەروەك چۆن بەدیلی ڕاوێژ تاکڕەوی‌و بەدیلی مەرکەزییەت بـــێ سەروبەری‌و بەدیلی کار سپاردن بەپێی پسپۆری کاری هەرەمەکـــی‌یە، بەدیلی کاری دام‌و دەزگاییش کارکردن بە پێی (میزاج)و بیرو بۆچوونی شەخسی‌یەو ئەنجامی ئەو جۆرە کارانەش دیارو بەرچاوو تەجرەبە کراوە!!

www.alibapir.net

ئەگەر بمانەوێ کاری ئیسلامی داهاتوومان لە کوردستاندا بەهێزو پێوتر بێ لە جاران پێویستە زۆر بە وردیو بێ فەرقیو بەوپێژدانەوە چاو بگێرینو دەست بکەین بە گەڕانو سووڕانو پشکنین بۆ دۆزینەوەو هەڵبژاردنی لێهاتووترینو شایستە ترین کەس بۆ هەرکام لەو دەزگایا ـ نەی کە کاری ئیسلامی ئەم قۆناغەمان پێویستی پێیان هەیـــــە، وەك دەزگای سیاسیو دەزگای ڕێکخستنو دەزگای ڕاگەیاندنو دەزگای دارایيو ئابووریو دەزگای عەسکەریو ..هتد، بەو شێوەیە بێیـــن ئینسانی سیاسەتمەدارو هۆشیارو لە ئەحواڵو بارو دۆخی دنیا شارەزاو ئاگادار بخەینە دەزگای سیاسییەوە، کەسانی وردو وریاو نهێنیپارێزو ڕاز هەڵگر لێزان بخەینە دەزگای ڕێکخستنەوە، ئەوانەی زانیاری جۆراو جۆریان هەیەو قسەزانو قەڵەم و زمانپاراوو ڕەوانن دەزگای ڕاگەیاندنیان لێ پێك بێنین و کەسانێك کەسەریان لەبازرگانی و کڕین و فرۆشتنوبازاڕ و قازانج و زیانو پڕۆژە ئابوورییەکان دەردەچێ بیانخەینە دەزگای دارایی و ئابوورییەوە، ئەوانەش کەڕووحی جەنگاوەریو فیداکاریان هەیەو کەیفیان بەهێرش بردنو نیشانە گرتن دێتو لێیان دڵنیابین کەوەستای قسانو کۆڵەواری دەستان نینو لەهەموو حاڵێکی ناهەموارو سەختودژوار دا خۆڕادەگرنو بەهیچ ڕەنگێك سەرەخەری و لاملی لەفەرمانی براگەورەیان ناکەنو بەئیجتیهادو بیرووڕای خۆیان کارناکەن، دەزگایعەسکەریوهێزی ئیسلامیان لێ پێك بێنین و دوژمنو ناحەزانی خواو خۆمانی پـــێ بتۆقێنینو بیەزێنینو بڕەنێنین!

ئێستاش بابچینە سەر سێیەمین خاڵی ئەم بەشەو بزانین هۆکارو پێداویستییەکانی چاکەکاری لەگەڵ خەڵكو پارێزکاری لێ کردنیـــان چینو چۆنــن؟!

٣- هۆکارو پێداویستییەکانی چاکەکاری لەگەڵ خەڵكو پارێزگاری لـــێ کردنیان:



www.alibapir.net

أ- چاکەکاری :

لەبەر ئەوەی ــ وەك پێشتریش گوتمان ــ چاکەکاری لەگەڵ خەڵك چەمكو واتایەكی بەربڵاوو فراوانی هەیە ، بۆئەوەی بتوانین وەك پێویست فەرمانی : ( وَقُولُوا لِلنَّاسِ حُسْناً .. ) وەفەرمانی : ( وَأَحْسِنُوا إِنَّ اللَّـــــهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ ) جێ بە جێ بکەین ، بەلای کەمەوە پێویستیمان بەم سێ دەزگایە دەبێ :

یەك : دەزگای ڕاگەیاندن ( جهاز الأعلام )

دوو : دەزگای پەیوەندییەکان ( جهاز العلاقات )

سێ : دەزگای پرۆژە خێرییەکان ( جهاز المشاريع الخيرية )

چونکە بەهۆی دەزگای یەکەمەوە قسەو دەنگو پەیاممان دەگەیەنینە خەڵكو بەو جۆرە دەتوانین ئەرکی بانگەواز ( وظيفة الدعوة )و ئەرکی دەرس پێ گوتنو فێرکردن ( وظيفة التدريس والتعليم )و ئەرکی گەشە پێکردنو پەروەردە کردن ( وظيفة التزكية والتربية ) جێبەجێ بکەین .

وەبەهۆی دەزگای دووەمەوە دەتوانین پەیوەندی ڕاستەوخۆو زیندوو بەهەموو چینو توێژەکانی خەڵكو جەماوەرەوە بکەینو لە نیزیکـــــەوە لە هەستو نەستو بیرو ڕاو هەڵوێستو چاكو خراپو خێرو شەڕیـــان ئاگادار بینو بەهۆی ئەمەشەوە هەم ڕێگای بانگەوازو تێگەیاندنوپەروەردە کردنیانمان بۆ ئاچووغو ئاسان دەبێ ، هەم دەتوانین بە چاکترین شێوە فەرزی : فەرمان بە چاکەو ڕێگرتن لە خراپە ( فريضة الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر ) یان لەنێودا جێ بەجێ بکەیــن .

وەبەهۆی دەزگای سێیەمەوە کە " پرۆژە خێرییەکان " ە دەتوانین چەندان لیژنەی جۆراو جۆر دروست بکەینو بۆ سەرپەرشتی کـــــردنو حەل کردنی کێشەو گیرو گرفتە جۆراو جۆرەکانی خەڵك ، بۆ وێنە :لیژنەی داوەریو فتوا " لجنة القضاء والفتوى " بۆ چارەسەر کردنی کیشـــــە خێزانیو کۆمەڵایەتییەکانو ، لیژنەی بەسەر ڕاگەیشتنی بێوەژنوهەتیوان " لجنة رعاية الأرامل والأيتام " و ، لیژنەی کۆمەکی بە نەخـــــۆشو

www.alibapir.net

پەککەوتان " لجنة مساعدة المرضى والقاصرين " و لیژنەی تەندروستی " اللجنة الصحية " و .. هتد .

وەشایانی باسە کە بزووتنەوەی ئیسلامی لە ماوەی ئەو سێ (٣) ساڵەی دوای ڕاپەڕینە جەماوەرییەکە " الأنتفاضة الجماهرية " وە لە بواری فتواو داوەریو لە بواری بەسەر ڕاگەیشتنی بێوەژنو هەتیواندا هەنگاوی چاکی نابوو و ، کاتێك چەتەو ڕێگرو گیرفان بڕ کەرەکان لەژێر سێبەری حیزبەکاندا سەرگەرمی دزینو ئەودیوکردنی شۆفڵو بلدۆزەرو سەیبارەو تەلو عەموودی کارەباو فافۆنو مسو ..هتد بوون بزووتنەوە سەرباری سەدویەك سەرقاڵیو ئیشو کاری خۆی لە ڕێگای لیژنە فتواییو داوەرییەکانییەوە خەریکی حەل کردنو نەهێشتنی کێشەو گیرو گرفتە جۆراو جۆرەکانی خەڵکی کوردستانو ، لەڕێی لیژنەی تایبەت بەکاروبارو بەسەر ڕاگەیشتنی هەتیوو بێوەژنانەوە لێبڕاوانە سەرگەرمی یارمەتی کۆکردنەوەو دابەش کردن بوو بەسەر بێوەژنو هەتیوەکانی کوردستاندا بەدادگەرانەو بێ جیاوازی لە نێوان بێوەژنو هەتیوی بزووتنەوەو غەیری بزووتنەوەدا !!

ب ـ ئامادەکردنی هێزو پارێزگاری :

وەك پێشتر گوتمانو ڕوونمان کردەوە پارێزگارىو بەرگری کردن لە خەڵكو کۆمەڵگاو خۆبەخت کردن لەو ڕێیەدا ئەرکو پێویستی سەرشانی کۆمەڵی مسوڵمانەو ، بەرزترینو گەورەترین جۆری چاکەکارییە، دیارە مەبەستیش لە پارێزگاری خەڵكو بەرگری لێ کردنیان، پاراستنو بەرگری لێ کردنی ، ئایینو ژینو ئابڕوو و وەچەو عەقڵو ماڵ ( الدّين والحياة والعِرْض والنّسل والعقل والمال ) یانە کە لە کتێبەکانی " اصول الفقه " دا بەشەش شتە گرنگەکان " الضروريات الست " یان پێنج شتە گرنگەکان ناسراونو ، بۆ پاراستنی هەر کامێکیشیان ئیسلام سزاو تۆڵەیەکی دیاری کراوی بڕیار داوە ، بۆ پاراستنی ئایینو ڕێگرتن لە هەڵگەڕانەوەو بڵاو کردنەوەی بێ دینیو بێ بڕوایی، سزای هەڵگەڕاوە (عقوبة



www.alibapir.net

القصاص ) لە کوژەر یان خوێن وەرگرتن ( الدّیة ) و، بۆ بەرگریکردن لە ئابڕوو و وەچەی کۆمەڵگا سزای بوختانو سزای زینا کردن ( عقوبة القذف وعقوبة الزنا ) و سزای نێربازی ( عقوبة اللواطة )و، بۆ پاراستنی عەقڵو هۆش سزای مەیخۆری ( عقوبة شرب الخمر ) و هەر ماددەیەکی تری سەرخۆشکەرو، بۆ پاراستنی ماڵو سامانی حەلاڵی خەڵکیش سـزای دزی ( عقوبة السّرقة ) و سزای ڕێگری (عقوبة قطع الطریق )ی دیاری کردووە، کەلەکتێبە شەرعیەکاندا بەدرێژی باسی هەرکاملەم سزاو جەزرەبانەکراوەو چۆنیەتیو شێوەو هەلو مەرجی جێبەجێکردنیان ڕوون کراوەتەوە .

ئنجا بێگومان پارێزگاری کردن لە کۆمەڵگاو بەرگری کردن لەم شەش شتە گرنگو مەزنەی هەرکام لە ئەندامانی کۆمەڵگا ، هەروا بـە سێنایی ناکرێو پێویستی بە هێزو دەستەڵاتێك دەکات ، کەبتوانـێ سەرکوتی ئەوانەی پێ بکات کەچەقەڵی چەمو چەپەڵی کۆمەڵگانو ڕاوچی خراپنو لەئاوی قوڕاو ( شلوێ ) دا ڕاوێ دەکەن ، هەربۆیەش خـوای کاربەجێو دادگەر لەسەر کۆمەڵی مسوڵمانی پێویست کردووە کە هێـزو دەستەڵاتێك پەیدا بکەنو ئامادە بکەن ببێتە مایەی ترساندنو تۆقاندنی دوژمنانی خواو خۆیان ، دیارە دوژمنانی خواش هەر ئەوانەن کـە بەیاساکانی بەرنامەی خواوە پابەند نابنو ئازاری بەندەکانی دەدەنو سنوورەکانی دەبەزێنن ( وَمَنْ یَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَیَتَعَدَّ حُدُودَهُ یُدْخِلْهُ ناراً خالداً فیها ولَهُ عَذابٌ مُّهِین ) النساء - وەدوژمنی ئێمەش هـەر ئەوانەن کەلەسۆنگەی پابەند نەبوونو لادانیان لە بەرنامەی خـواوە دەبنە کرمو میکرۆبو گیاکەڵەی کۆمەڵگاو ( دینو ژینو ماڵو نامـووسو عەقڵو وەچە ) دەخەنە مەترسییەوە .

جائێمە هەروا بەکورتی لە دوو بڕگەدا ئاماژە بۆ چۆنیەتی (پارێـز - گاری ) لە کۆمەڵگاو جەماوەر دەکەین :

یەکەم : ئامادەکردنی هێز " اعداد القوة" :

خوای دەستەڵاتدار - جل جلالە- فەرموویەتی : ( وأَعِدُّوا لَهُـم



www.alibapir.net

مَاأسْتَطَعْتُمْ مِنْ قُوَّةٍ وَمِنْ رِبَاطِ الخَيْلِ تُرْهِبُونَ بِهِ عَدُوَّاللّٰهِ وَعَدُوَّكُمْ وَآخَرِينَ مِنْ دُونِهِمْ لاتَعْلَمُونَهُمُ اللّٰهُ يَعْلَمُهُمْ ..) الانفال ـ

دیاره ئەو ئامادە کردنە ( اعداد ) ەش پێویستە سێ لایەنی تێدا ڕەچاو بکرێن :

یەك : لایەنی عەقلیی و فیکری بەهۆی فێرکردن " تعلیم " ەوە ، بەتایبەتی فێربوون و شارەزا بوونی ئەو یاسا شەرعییانەی کە ئینسانی جەنگاوەر پێویستی پێیان دەبێ و لەکاتی جیهادکردندا دێنە پێش .

دوو : لایەنی ڕووحیی و دەروونی بەهۆی پەروەردەکردن ( تربیة ) ەوە بەتایبەتی پەروەردەبوون لەسەر ئەو ڕەوشت وخەسڵەتانەی کە پێشمەرگە بوون " الجندیة " یان فەرماندەیێتی ( القیادة ) پێویستیان پێیان هەیە .

سێ : لایەنی بەدەنیی و بەکارهێنانی جۆرەکانی چەك ، کە بەهۆی مەشق ( تدریب ) ی جۆراو جۆرەوەفەراهەم دێبێت ، ج مەشقی ڕاهێنانی ڕاهێنانی بەدەن لەسەر ڕۆیشتن و ڕاکردن و بازدان و هێرش بـــــردن و خۆشاردنەوەو خۆمەڵاس دان سەرماو گەرماو برسیەتیی و تینوێتیی و نەخەوتن و ... هتد ، وە ج مەشقی بەکار هێنانی هەموو جۆرەکانی چەك و تەقەمەنی .

کەواتە :

بۆئەوەی بتوانین لە داهاتوودا هەرچی چاکتر خۆمان ئامادە بکەیـــن بۆ پارێزگاری لە خەڵك و بەرگری کردن لە مافەکانیان ، پێویستـــــە گرنگییەکی باش بەفێرکردن و پەروەردە کردن و مەشق پێکردن ( التعلیم والتربیة والتدریب ) ی خۆمان بدەین بە بنچینەو سەرکردە ( القاعـــدة والقیادة ) ەوە ، وە پێویستە بزانین و دڵنیاش بین کە ئەو فێربوون و پەروەردە بوون و مەشق کردنەش وەك نوێژو ڕۆژوو فەرزەو بە چواندن و کەمتەر خەمی تێداکردنی گوناحبار دەبین ، چونکە ئەو خوا پەروەردگارەی پێی فەرمووبێ : ( أقيموالصلاة ) وە ( كُتِبَ عليكم الصِّيامُ ) هەر ئەویش پێی فەرمووبێ : ( وأعِدّوا لَهُمْ ماأستطعتم مِنْ قُوَّة ) ! دیارە دەبێ وریاش بین و نەچینە ڕیزی ئەوانەوە کەخوای کار بەجێ پێی فەرموون : (أفتؤ ـ منونَ بِبَعْضِ الكتابِ وتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ ؟! ) کە جولەکەکانـن !!

www.alibapir.net

دووەم : جەنگ کردن ( القتال ) :

شتێکی ئاشکراو بێ پێچ و پەنایە کە خۆئامادەکردن و هێز ئامادە کردن بەمەبەستی جەنگ کردنە لە کاتی پێویستدا ، دیارە جەنگیش دوو حاڵەتی هەن ، جەنگی بەرگری " الحرب الدفاعية " و جەنگی هێرش بردن " الحرب الهجومية " و هەرکامێکیشیان لە ئیسلامدا بەرەخسانی هەل و مەرجەکانی لەسەر مسوڵمانان پێویست دەبێ و، بەنەکردنی و سستی نواندن تووشی گوناحباری لای خواو سزای قیامەت و، شەرمەزاری لای خەڵک و سەرشۆڕی دنیا دەبن ، خوای میهرەبان و کار بەجێ لەو بارەوە فەرموویەتی : ( كُتِبَ عَلَيكُمُ القِتالُ وهُوَ كُرْهٌ لَكُمْ وعَسى ان تَكْرَهُوا شَيْئاً وهُوَ خَيْرٌ لَكُمْ وعَسى أنْ تُحِبُّوا شَيْئاً وهُوَ شَرٌّ لَكُمْ واللّهُ يَعْلَمُ وأنْتُمْ لاتَعْلَمون ) البقرة ـ

زانایانی قورئان زان و توێژەرەوەی وشەکانی قورئان دەڵێن : (عسى مِنَ اللهِ واجبة ) واتە : خوای میهرەبان کەوشەی ناوبراوی بۆخۆی لە شتێکدا بەکار هێنا ، ئەوەبوونی ئەوشتە دەبێتە مەسەلەیەکی حەتمی و پێویست ، چونکە ( عَسى ) یانی : لەوانەیە یان نیزیکە ، لەزمانی کوردیدا دیارە کەسێکیش ئەو وشەیە لەگەڵ کەسێک بەکار بێنێ ئەوە بەجۆرە گفت و بەڵێن پێدانێک لە قەڵەم دەدرێ ، دیارە خوای کاربەجێ و بەخشەریش هەرتۆزێک فەرموودەکەی وەک گفت و بەڵێن بچێ ، دەیکاتە گفت و بەڵێن .

جالێرەدا خوای زاناو پەنهان بین بە ئاشکرا پێمان ڕادەگەیەنێ کە جەنگ کردن ( قتال ) مان لەسەر نووسراوەو پێویست کراوە لەلایەن خواوە ، بەڵام پێمان ناخۆشە ، پاشان پێمان دەفەرموێ : کە بێگومان ئەوشتەی ئێوە حەزی لێ ناکەن و پێتان ناخۆشە بۆئێوە لە هەمووشتێک چاکترەو ، ئەوەی ئێوە پێتان خۆشەو حەزی لێ دەکەن کە دانیشتن و جەنگ نەکردنە بۆئێوە لە هەمووشتێک خراپترە ، وەپێمان دەفەرموێ : بێگومان خوا دەزانێ ـ قازانج و زیانتان لەچیدایە ـ وئێوە نازانن .

www.alibapir.net

دیاره کە خوا دەفەرموێ ( جەنگ بۆ ئێوە چاکترە ) تایبەتی نەکردوە بەحاڵو کاتێکی دیاری کراوەوە کەواتە : لەهەموو حاڵێکو لەهەموو کاتێکدا کەشەرعی خوا بڕیاری لەسەر دەدات ( جەنگ کردن ) بۆ ئێوە قازانجو خێرو چاکەیە لە دنیاو قیامەتدا ،بەپێچەوانەشەوە جەنگ نەکردنو دانیشتنو سەرکزکردن لەدنیاو قیامەتدا هەرمایەی شەڕو خراپەو زیانە هەرچەندە نەفسی ڕام نەکراوو بەدنیاوە سەرگەرمی ئێوە حەزی لێدەکاتو دیارە (إِنَّ النَّفْسَ لأَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ الاَّمارَحِمَ رَبِّي )یوسف .

ئێستاش باچاوێك بە هەرکام لە جەنگی بەرگریو هێرشبردندا بخشێنینو پێناسەیەکی کورتیان بکەین :

جەنگی بەرگری کردن ( الحروب الدفاعیة ) :

ئەم جۆرە جەنگە کاتێك ئیسلام فەرمانی پێ دەکات کە مسوڵمانان دووچاری دەربەدەریو کۆچکردن بووبن ، یان دوژمن بیەوێ هێرشبکاتە سەریان ، وە ئەمجۆرە جەنگە بەزۆری لە کاتێکدا دەبێ کەمسوڵمانان یان کیانو بوونێکیان نیە ، یان کیانێکی لاوازو ساوایان هەبەو پێویستیان بە کات هەیە بۆ خۆ قایم کردنو زیاتر گەشەکردنوسەقامگیر بوون ، بەڵگەشمان ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا " صلی الله علیه وسلم" کەتازە لە شاری مەدینەدا نیشتەجێ بوو بوونو دەوڵەتی ساوای ئیسلامیان پێك هێنابوو ، خوای کاربەجێ لە سووڕەتی ( البقرة )دا کە لەماوەی یەك دوو ساڵی سەرەتای نیشتەجێ بوونیان لە مەدینەدا هاتۆتە خوارێ ، پێیان دەفەرموێ : ( وقاتِلوا في سَبيلِ اللّهِ الّذين يُقاتِلونَكُمْ ولاتَعْتَدوا إِنَّ اللّهَ لايُحِبُّ المُعْتَدين ) البقرة .. هەروەها فەرموویەتی : ( .. فَمَنِ اعتدىٰ عَليكُمْ فاعْتَدُوا عَلَيْهِ بِمِثْلِ ماعْتَدىٰ عليكم واتَّقوالله واَعلموا أَنَّ الله مَعَ المُتقين ) البقرة .وەك دەبینین خوای کاربەجێ فەرمان بە مسوڵمانان دەکات کە لەکاتی شەڕپێ فرۆشرانو تەعەدا لێ کرانیاندا بەرپەرچی دوژمنیان بدەنەوەو لەگەڵیاندا بجەنگن .

دیسان لە سووڕەتی ( الحج )یش دەربارەی هەمان مەبەست فەرموویەتی : ( إِنَّ اللّهَ يُدافِعُ عَنِ الّذيْنَ آمَنوا إِنَّ اللّهَ لايُحِبُّ كُلَّ

www.alibapir.net

خَوَّانٍ كَفُورٍ • أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ • الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِنْ دِيَارِهِمْ بِغَيْرِ حَقٍّ إِلَّا أَنْ يَقُولُوا رَبُّنَا اللَّهُ ...) الحــج ـ

## جەنگی هێرش بـــردن ( الحرب الهجومية ):

ئەم جۆرە جەنگەش یان ئەم جۆرە (جیهاد)ەش کاتێکدا ئیسلام فەرمانی پێ دەکات کە کۆمەڵی مسوڵمان کیان و قەوارەیەکـــــی بەهێزیان هەبێ و، لەخۆیان ڕاببینن کە دەتوانن گەلانی ستەمدیدەو چەوساوەی ژێرنیری طاغوت و ڕژێمەنەفامییەکان ڕزگار بکەن و بیانخەنە ژێر سایەی حوکم و فەرمان ڕەوایەتی ئیسلامەوە ، چونکە ئیسلام بەرنامەی خوایە بۆ تێکڕای بەندەکانی و دەبێ دەنگی زوڵاڵی بگاتە گوێی هەموویان، جا ئەوکاتە کێ بەویستی ئازادو هەڵبژاردنی خۆی وەری گرت و قەناعەتی پێ هێنا ئەوەباشە ، ئەگەر نا با ئەوەند کەچی یاساکشتییەکانـــــی ئیسلام بێ و دژی کیان و دەوڵەتی ئیسلامی نەوەستێ و ، باهەر لەسەر بیروباوەڕی خۆشی بمێنێتەوەو ( لَاإِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَدْتَبَيَّنَ الرُّشْـــدُ مِنَ الغَيِّ ..) البقرة ـ

بەڵگەشمان بۆ ئەوە کە ئەم جۆرە ( جیهاد )ە لەو قۆناغەدا کە گوتمان فەرز دەبێ و دەبێ مسوڵمانان ئەنجامی بدەن ، ئەوەیە کـــە سوورەتی ( التوبة ) کە لەدوادوای تەمەنی موبارەکی پێغەمبەردا "صلى الله عليه وسلم" هاتۆتە خوارێ و بەڕای هەموو زانایان دوایین یاساو حوکمەکانی ئیسلامی تێدایە لە بارەی سیاسەتی جەنگ و جیهادەوە ، خوای کار بەجێ بۆیەکەمین جار فەرمان بە پێغەمبەرەکەی "صلى الله عليه وسلم" و هاوەڵە بەڕێزەکانی ( رضي الله عنهم ) دەکات کە لەگەڵ هەموو ئەو جولەکەو دیانە و هاوبەش پەیداکەر ( اليهود والنصـــارى والمشركين )انەدا بجەنگن کەمل کەچی دەسەڵاتی گشتی ئیسلام نابن، کەدیارە ئەومل کەچییەی جوولەکەو دیانەکان ( اهل الكتاب ) لـــە " سەرانە " دان دا خۆی دەنوێنێ و ، ئی هاوبەش پەیدا کەرەکانیش

www.alibapir.net

لە پێشاندانی ڕێزو حورمەت بۆدەستەڵاتی ئیسلامو دژایەتی نەکردنی دا، خوای زانا لەوبارەوە فەرموویەتی : (قاتلوا الّذين لايؤمنون باللّهِ واليومِ الآخرِ ولايحرّمونَ ماحرّمَ اللّهُ ورسولُهُ ولايدينونَ دينَ الحقِّ منَ الّذينَ أوتوا الكتابَ حتّى يعطوا الجزيةَ عنْ يدٍ وهمْ صاغرون) التوبة هەروەها فەرموویەتی : ( .. وقاتِلوا المُشركينَ كافّةً كما يُقاتِلونكُمْ كافّة ..)التوبة. دیسان فەرموویەتی :( ياأيّها الّذين آمنوا قاتلوا الّذين يلونكُـــمْ من الكُفّار وليَجِدوا فيكم غِلظةً وأعلموا أنّ اللّه معَ المُتّقين ) التوبة .

پێویستە ئەوەش بگوترێ کەمەبەست لە جەنگی بەرگری ئەوەنیە کە هێرش کردنی تێدا نەبێ ، وەمەبەست لەجەنگی هێرش کەرانـــەش ئەوەنیە کە بەرگری لەخۆکردنی تێدانەبێ ، بەڵکو مەبەست لە جەنگی بەرگری ئەوەیە کەلەو قۆناغەدا مسوڵمانان شەڕلەگەڵ دوژمن دا ناکەن مەگەر شەڕیان پێ بفرۆشێو بەهانەیان پێ بگرێ ، بەڵام لە قۆناغـــی جەنگی هێرش بردن دا مسوڵمانان لەهەلو مەرجی لەبارو گونجـــاودا هەوڵی ڕزگار کردنو ئازادکردنی هەمووجەوساوانی دنیا ئەدەن .

دیارە مەبەست لە ئامادەکردنی هێز ( اعداد القوة )و جەنـــگ کردن ( قتال )یش ئەوەیە کەبۆهەرکام لەقۆناغی بەرگریو هێرش بردن ئامادەیی بکرێو پێداویستییەکان دابین بکرێن .

بۆئەوەی هەرکامێکیانیان لەسەر پێویست بووبتوانن ئەنجامی بدەن .

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net



www.alibapir.net

دوا قسەم :

خوێنەری بەڕێزو خۆشەویست !

دواقسەی خۆمت لەم (٤) خاڵەی خوارەوەدازۆر بەکورتی ئاراستەدەکەم:

**یەکەم** : خۆگۆڕینو خۆچاککردن ( تغيير النفس واصلاح الذات )
بنچینەی گۆڕینو چاککردنی حاڵو واقیعە وەك خوای کار بەجێ فەرموویەتی : ( إِنَّ اللَّهَ لا يُغَيِّرُ ما بِقَومٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا ما بِأَنفُسِهِمْ)الرعد- کەواتە باسەرەتا هەموومان دان بە هەڵەو ناتەواوییەکانی خۆمـاندا بێنینو کەسمان پاکانە بۆخۆی نەکات ، پاشان یەکەمین هەنگـاوی خۆگۆڕین و خۆچاککردنو ڕاست کردنەوە بنێین کە بریتیە لەپەشێمان بوونەوەو گەڕانەوە لای خوا " التوبة " وە لەناخی دڵەوە بڕیار بدەین کەلەجاران چاکترو پاکترو ساغتر بین لەگەڵ خواو خەڵکدا .

**دووەم** : بادڵنیابین کەدوژمنمان لەم تاقی کردنەوەیەی ئەمدوایـەـ ماندا لەبەر بەهێزیی و توانادارِی خۆی نەبوو کەبەسەرماندا زاڵ بوو ، بەڵکو کرچو کاڵیو کەموکوڕییەکانی خۆمان بوون کە زەمینەیان بۆ دوژمن خۆشکرد زەفەرمان پێبەرێ ، ئەگەرنا هیچ کاتێك کۆمەڵی بێبڕواو بێڕەووشت و داڕزاوو داڕووخاو ناتوانن لەبەرانبەر هێـزی ئیماندا خۆیان بگرن ، خوا پشتیوانبێ لەداهاتووشدا وەك مانگی چواردە ئەم ڕاستییە دەردەکەوێ ، (إِنَّ مَوعِدَهُمُ الصبحُ أَلَيسَ الصُّبحُ بِقَرِيبٍ؟!) .

**سێیەم** : بزووتنەوەی ئیسلامی لەگەڵ هەموو کرچو کاڵـیو ناتەواوییەکانیشیدا هەربراگەورەو سەرقافڵەو پێشەنگی کاروانی کارو حاڵەتی ئیسلامییە لە کوردستاندا ، لەگەڵ ڕێزیشمان بۆکـارو کۆششە ئیسلامییەکانی تریش کەبراو پشتیوانو هاوسەنگەری بزووتنەوەن، چونکە بزووتنەوەی ئیسلامی هەڵقوڵاوی واقیعی کوردستانەو لەسـەر پێی خۆی وەستاوەو بە چاوی خۆی دەبینێو بەعەقڵی خۆی بەڕێـوە دەچێو بڕیاری بەدەست خۆیەتیو بارو دۆخو هەلو مەرجەتایبەتییەکانی

www.alibapir.net

کوردو کوردستانی چاك دەرك کردوەو پەچاو کردوە ، وەکتادەیـــی چاو بەخۆ کێڕانەوەو ڕەخنە لەخۆگرتن و خۆبژارکردن و خۆچاککردنیشی هەیە ، د ، ئەمانەش تایبەتمەندی یەکانی ( بزووتنەوەی ئیسلامی ) ـ بن و ل کۆمەڵو تەوژمەکانی دیکەی نێو کوردستاندا کەمتـــــر دەبینرێن .

چوارەم : دەزانم ڕەنگە هەندێك لەبرایانی دڵسۆز دەربارەی بەشی دووەمی ئەم نامیلکەیە تێبینی و گلەیی یان هەبێ و بڵێن : نەدەبوو باسی هەڵەو کەمو کوڕی یەکانی خۆمان کرابایە ،چونکە دوژمن هــەم پێی خۆشحاڵ دەبێ هەم ڕەنگە سوودیشیان لێ وەرگرن ! منیش دەڵێم، بەدکەم : پێم وانیە شتێکی وا لەم نامیلکەیەدا دەربارەی کـــەم کوڕی یەکانمان گوترابێ کەلەدوژمن پەنهان و شاراوەبێ ! وە بەڕاستی لە ڕووداوی ئەم دوایی یەدا ـ کەمن خێرو قازانجێکی زۆر گەورەی تێدا دەبینم بۆ داهاتووی بزووتنەوەی ئیسلامی و کەسێکیش تەمەنی باقـی بێ " ان شاءالله " دەیبینێ ـ بۆ دۆستو دوژمن وەك گۆشتـــــی سەر چەپەرێ کەوتینە گۆڕێ !

دووەم : بەشتێکی ڕاستو ڕەوانی نازانم لەبەر ئەوەی ئیحتیمالی هەیە دوژمن سوود وەربگرێ باسی کەمو کوڕتی و نەرمو نەخۆشی یەکانمان نەکەین و دیزە بەدەرخۆنە لە هەڵەکانمان بکەین ! ئایا کەس هەیە لەبەر ئەوەی ڕەنگە بەراز گەنمەکەی بشێلێتەوە دەغڵ کردن لەخۆی قەدەغە بکات ؟!

xxxxxxxxxxxxx xxxxxxxxxxxxx xxxxxxxxxxxxx

** والسلام علیکم ورحمةالله وبرکاته **

وآخر دعوانا ان الحمدلله رب العالمین

١٩٩٤/٤/٩

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net



www.alibapir.net

## نێـوەڕۆك


| لاپەڕە | بابـەت |
|---|---|
| ٣ | ..........پێشکەش بێ |
| ٤ | .......... |
| ٥ | .......... پێشەکــــی |
| ٧ | .......... سێ تێبینــی |
| ٨ | .......... بەشی یەکەم :چاو پێدا گێڕانەوەیەکی ڕابردوو |
| ١٥ | .......... بەشی دووەم : تاقی کردنەوەی تاڵی ئەمجارەمان،هۆوپەند |
| ١٨ | .......... ئەوکەمو کورییانەی کەبوونە هۆی تێشکانی ئەمجارەمان |
| ٢٢ | .......... دەرس وپەندە گرنگەکانی تاقی کردنەوەی ئەمجارەمان |
| ٢٥ | .......... بەشی سێیەم : تایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغەمان |
| ٣١ | .......... بەشی چوارەم: ئەرکی سەرشانمان لەم قۆناغەدا |
| ٣١ | .......... ١- بەرپرسیاری لەئاقار (خۆ)دا ، گەشەپێدانی ئیمان وتەقوا |
| ٣٤ | .......... ٢- بەرپرسیاری لەئاقار( خۆمان )دا، برایەتی و یەکبوون |
| ٣٦ | .......... ٣- بەرپرسیاریمان دەربارەی خەڵك، چاکەکاری و ئامادە ــ کردنی هێز |
| ٤٠ | .......... بەشی پێنجەم : پێداویستییەکانی بەجێ هێنانـــــی ئەرکی سەرشانمان |
| ٤٠ | .......... چۆنیەتی و پێداویستی یەکانی گەشەپێدانی ئیمان وتەقوا |
| ٤٣ | .......... هۆو پێداویستییەکانی پتەوبوونی برایەتی و یەکبوون |
| ـ | .......... ئەوشتانەی دەبنەهۆی لاوازکردن و نەهێشتنی برایەتی |
| ٥١ | .......... ٣- هۆکارو پێداویستییەکانی چاکەکاری لەگەڵ خەڵك و پارێزگاری لێکردنیان |
| ٦٠ | .......... دواقســـــەم |
| ٦٢ | .......... نێــوەڕۆك |




www.alibapir.net

ameer.maktab@yahoo.com
/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice
www.alibapir.net

www.alibapir.net

ameer.maktab@yahoo.com

/AliBapir /AliBapir /MediaAmeerOffice

www.alibapir.net

www.alibapir.net